شیعر

# دێڕێک دارستان و
# تاڵێک چۆلەکە

# ناوی کتێب:
# دێڕێك دارستان و تاڵێك چۆلەکە

بابەت: شیعر
نووسەر: رۆژ هەڵەبجەیی
پێداچوونەوە و هەڵەچن: رەوەند ساڵح
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

ئەم کتێبە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی لە سەر بودجەی پایتەختی رۆشنبیری چاپکراوە



شیعر

# دێڕێك دارستان و
# تاڵێك چۆلەكە

رۆژ هەڵەبجەیی

## پێڕست


با..نەچینە ڕستەی عیشقەوە..........................................٧
باجی کورد بوون...................................................١٠
با گەمژەیی نەنێین بە عیشقەوە......................................١٣
پەلکە زێڕینەکانی پەپوولە..........................................٢٠
بۆ مامۆستا سەردار(نۆڕێ)ی هاوڕێم..................................٢٣
( بیابان )......................................................٢٤
پێنج فیراقی تۆ..................................................٣٢
پرسیارە بێ وەڵامەکان.............................................٣٤
پێنج هەناسەی بەفر................................................٣٦
تابلۆکانی (نا)...................................................٣٨
تۆ لە چوار گۆشەی جێهێشتنا........................................٤٠
هیچ.............................................................٤٧
مەعبەد...........................................................٤٩
مەعشوق..........................................................٥٠
سورستان .........................................................٥١
قەرەج............................................................٥٢
توحفەیەك لە دژەکان...............................................٥٣
چەند چرپەیەکی شکاو..............................................٥٥
وێنەکانی جەنگ....................................................٥٧
چەند ڕەنگێك لە باران.............................................٦١
خەمە خاکییەکانی کچێك.............................................٦٣
دووبەدوو..........................................................٦٥
ڕەنگاوڕەنگ........................................................٦٨
ڕۆمانی کۆرۆنا.....................................................٧٤
ژن و ئەوان........................................................٧٦
سروشت وادەڵێت....................................................٧٧
سێ تەڵاق لە هەشتی مارسەوە........................................٧٩
سێ تنۆك...........................................................٨١
شتە بینراوەکان....................................................٨٢
شیعرییەت لە دێڕەکانا..............................................٨٩

له هه‌موو كه‌ڤاڵه‌كاندا چاره‌سه‌ر وێنا ده‌كرێت،جه‌نگ نه‌بێت.....٩٢
چه‌ند وێنه‌یه‌ك له‌..تا.......................................................١٠١
عه‌ین،شین،قاف.............................................................١٠٣
قوڵبوونه‌وه‌..................................................................١٠٦
پۆسته‌ره‌كانی پیاو..........................................................١١١
كۆنترین زیندوو.............................................................١١٣
كۆی كۆتاییه‌كان.............................................................١١٧
له‌به‌ر ڕۆشنایی ڕۆحگه‌راییه‌وه‌.............................................١٢٣
مه‌دلوولّه‌كانی كارّه‌سات.....................................................١٣٣
ته‌نها تۆ ڕۆحیت ڕۆح ..ئه‌ی موسافیری ڕۆحم...........................١٣٩
من و ئه‌و ....................................................................١٤٩
ناته‌بایی.......................................................................١٥١
نیشتمانێكم هه‌بوو...........................................................١٥٣
نه‌بیستن،نه‌وتن،نابینا.........................................................١٥٥
ڕه‌نگه‌كانی گوڵه‌به‌ڕۆژه‌......................................................١٥٧
هه‌ستێك......................................................................١٥٩
كورسی .......................................................................١٦٠
كاتژمێر .......................................................................١٦٠
دكتۆر فه‌رهاد.................................................................١٦١
پێشه‌وا قازی .................................................................١٦١
لیریكێك.......................................................................١٦٠
پێكانی دڵ ....................................................................١٦٢
١٦٣تك،تك تێرامان............................................................١٦٥
وێنه‌ڕژاوه‌كان................................................................١٧١
ئه‌فسانّه‌ی چه‌ند هایكویه‌ك...................................................١٦٧
یه‌قین..........................................................................١٦٩
كه‌ڤاڵی ئه‌گه‌ره‌كان...........................................................١٧٥
شوناسه‌كان...................................................................١٧٧
بیره‌وه‌رییه‌كان................................................................١٧٩

# با...نەچینە
# ڕستەی عیشقەوە

(١)

خۆری ژنێك پیاسە دەکا،

شەونمی سەر پەلکەگیاکان،

ڕۆدەچن لە تابوتی هەڵما !

(٢)

تاریکی گرمۆڵە دەبێ،

تك تك ڕووناکی دەکشێ،

لە تەجەللای ژنێکا

لەتێك چرپە چاوەکا!



(٣)

ڕێگاکان لەنجەولاری ژنێك دەپۆشن،

قاپقاپەکان دەچنە

پرسەی شوشە عەترێك !

(٤)

دواجار مەشخەڵەکانی ئاگر دەخەون،

لە ئاستانەی ژنێکا،

جلی خۆڵەمێش لەبەر دەکەن!

(٥)

زریانێك سەر هەڵدەدا،

پیاوێك کاتژمێرەکەی ،

میقاتدەکا لە ڕەشەبا..

بارانە ژنێك دەکۆکێ و

فرسەخێك فیراق لەبەر دەکا!

(٦)

پیاوێك لە ڕووبار دەچێ،

شەپۆلەکان پێڵاوییەتی،

کافی کفر لە چاوەکانییا..

من لە چڵی پەنجەکانم دەترسم،

قەفەسی لێ بچنێ!

(٧)

با نەچینە ڕستەی عیشقەوە،

ژنی تیا نییە..

ئێمە ناتوانین لە تەرمی دارستان بگەین،

ماڵی مەلەکان دادەخەین...

پیاوترین کەس

ئێمە کە ناتوانین لە باڵندە خۆمان هەڵکێشین،

عیشق یانی چی؟

ئاخر لە قومێك ژیانا،

مردن سەفەر دەکاو

دەبینە چۆڵترین کەس!

سلێمانی.. ٢٠٢٠/٧/١٠



# باجی کورد بوون

(١)

بە هۆی ئەم باجەوە،

بە بۆنی سێو خنکا

هەڵەبجە!

(٢)

بۆ ئەوەی ئەم باجە بداتەوە،

نوچی دایە سێدارە نەك هەڵاتن

قازی محەمەد!

(٣)

لە باجی کوردبوندا،

سپاردیانە سورەتی ئەنفال،

گەرمیان!

(٤)

ئەم باجەی وەرگرتەوە،

بە تەرم چیایەکی چێکرد

ئەتاتورك!

(٥)

کوردبوون خوشك وبراکانمی،

کردە یادگاری

کیمیاباران!

(٦)

لەم باجەدا دەستیان پڕ دووکەڵ و

چاویان لێزمەی باروت

ڕۆژئاڤا!



(٧)
لەم باجەدا،
داروپەردووی بۆ مایەوە
کۆبانێ!

(٨)
لە باجی کوردبوونا،
تفەنگی کردە هاوسەری
شەڕەڤان!

(٩)
لە قەرەبووی ئەم باجەدا،
کچێنییان هەڕاج کرا
شەنگال!

سلێمانی ٢٠١٩/١٠/١٤

# با گەمژەیی
# نەنێین بە عیشقەوە

لەلای شوراکانی بێدەنگییەوە وەستاوم ،

حیکایەتە ساختەکانی عیشق دەژمێرم

باڵندەیەك هەموو دەریاكانی دڵی،

ڕۆکردبووە ونبوون

باڵندەیەك هەموو پیاسەی هەورەکانی باڵی،

هەڵچنیبوو لە وەرین

باڵندەیەك هەموو نوتفەکانی ئومێدی،





خستبووە چاڵی بێ ئومێدی
لە باڵندەکانا ئافاتی عیشقم بینی،
بۆیە ڕۆچووبوون لە ونبوون و وەرین و بێ ئومێدی
عیشق چ کارەساتە! تەرمی خۆت
بە شانتەوە هەڵدەگریت و ناینێژیت
خاچەکەی عیسا لە کۆڵ دەنێیت
و مردن فێری سەرقاڵی دەکەیت
(با) دەبەستینەوە بەپەیمانی ئەبەدیی و
درۆ دەکەین..
ڕووناکی بە داوێکەوە دەگرین و
بۆ تاریکی دەگەڕێین درەخت قیتار دەنێژین و
بیابان لە دڵمانا چێدەکەین
برین برین ڕۆدەکەینە دڵ و
بەخەنجەرێکی ژەنگاوییەوە،
داوای لێ بوردن دەکەین
ئەمە هەموو خەتاکانی عیشقە،
یان گەمژەیی دەنێین بە عیشقەوە؟

***


14

من ویستم هەموو ڕێگاکان تیمارکەم،
کەپڕن لە زامی خەیاڵ
عیشق پڕی کردم لە گەمژەیی،لە کوچەکانی خەیاڵەوە،
سەفەری توناو تونم کرد تا ڕێگەم ناسی..
لە گەرووی گەردەلولێکەوە ئەستێرە باڵی شکابوو،
نغرۆ لە هەور..پەپوولە بە دەستی حەرفێکەوە زنجیر کرابوو
نغرۆ لە جەنگ...فڕین کەلتوری فیراق بوو،نغرۆ لە جەنگەڵ
هیچ ڕێگایەك نییە خودی خۆی بێ و
بە قافییەی دۆڕانا نەچوو بێ!
لەو سەری ڕێگاوە عیشق پێڵاو دەکاتە پێی،
بۆ ئومێدێك دەگەڕێ،چەماوەی گۆچان نەبێ
خۆی لە کافێیەکدا هەڵدەکێشێ،
لە کوپێك قاوەدا دەڵێ : لێم ببورە من ناگەمەوە بە ڕێگەی
تۆدا
(با) شەقژن هەڵکا لە ساپیتەی سەرا
ئەفسوس ئەمە ڕێگایەکە پێی دەوترێ گەمژەیی عیشق
باڵندەکان کوێر دەبن بە نەسیمی چەقۆ،
شەقامەکان دەکەون ،بە مەراسیمی درۆ
ڕەنگەکانی وەفا چرچ دەبن لە خانەی بیرچوونەوە،



دڵەکان لەت دەبن لە درزی جێهێشتنەوە..
ماچەکان کاڵ دەبنەوە، لە پچڕانی عاتیفە
ئەمە هەموو خەتاکانی عیشقە،
یان گەمژەیی دەنێین بە عیشقەوە!
***

هێواش، هێواش ئومێدم خستە سەریەك،
تا نائومێدیی ڕاکات..
ورد، ورد دەسکاری خەونەکانم کرد،
تا مردن پێچاو پێچ پێڵاوەکانی داکەنێ..
هەموو درەختەکانم پڕ کرد لە گوێچکە،
تا ئاو ببینن و سەراب نغرۆکەن..
هەرچی شەو بوو لە تاریکی تەکاندم،
تا مەستانە تیشك هەڵدەن
هەموو باڵندەکانم تێگەیاند،
لەپرسەی درەختەکاندا وەفا لەت مەکەن،
دەنا سەگێك دەقیقەکانی دەستی دەخنکێنێ!
ڕاکردنەکانی بەختەوەریم ئەسیر کردو

چاوەڕوانیم ئاشت کردەوە
تا زوڵمەت لە بیرچوونەوەدا پیر بێ
چیم نەکرد..هەموو شتێکم کرد،
تا عیشق گەمژەیم پێوە نەنێ،
تا لە خەتاکانییا فەنا فەنا نەبم
کە چی دواجار شەو سوتا و مۆم سکوت
کەفی دەریا سەوڵی لێدا و شەپۆل کەوت
بولبولەکان سەریان کێشا بە هەڕەتی دوورییا و
درەختەکان لە فڕینا ئاسمانیان گەست
شوشەی پەنجەرەکان غەمگین بوون و
تارمایی پێی گرت!
شەقامەکان بەپێخاوسی هەنگاویان هەڵخست و
(با) لە گڤەییا نوست
کوچەکان قاچاخ  بوون بە گزنگ و
سەری سپێدە لەت لەت!
ئەمە هەموو خەتاکانی عیشقە،
یان گەمژەیی دەنێین بە عیشقەوە!

***



دەستم لێ مەدەن، پێم لە تاریکی هەڵخلیسکاوە..

شوعلەی مۆمێك لە دوگمەی خەیاڵما،

بزر بووە..

شەوی یەقین لە یەخەما بەجێماوە و دەڵێ:چ گەمژەییەکە

دەرگاکان پیر بوون بە قفڵ و دیوار لە کوچەکاندا نیشتەجێ..

هەور تامەزرۆی بارانە، بروسکە لە کراسی عاتیفەی شەوا

دەخوسێ!

بولبولە نەخۆشەکان ڕێبوارن و لقی درەخت بە گەمژەییەوە،

قەفەسەکان لێدەخورێ..

شەقامەکان پێش ئەوەی نابینا بن، لە خاڵی پشکنینا،

خۆشبەختی لەپێڵاوەکان فریو دەدرێ!

هەموو بۆ خۆشەویستی غەمباری هەڵدەچنین و لەتروپکی

خیانەتدا متمانە دەخنکێ..

هەموو گەمژەییەکانم بۆ ڕاڤەکرد، پێم وت : دەخیلتم

گەمژەیی عیشقم پێوە مەنێ...

من لەعیشقا خەون هەڵدەکۆڵم،

خەتاکان دەدەمە بەر ئاوی مەحەبەت

سەفەر دەخەمە ناو جانتاکانەوە و

سبەینێ سواری ئەو شەمەنەفەرانە دەکەم

ترس پاشەکەوت ناکەن..

نیگەرانی لە دەموچاویانا دەشۆن

من ئاوا خەون هەڵدەکۆڵم

لێ هێندە قۆپچەی برینتان نا بەسنگی عیشقەوە،

عیشقم داکەند

هێندە چەخماخەی چۆڵەوانیتان نا بەژیانەوە،

تەنهاییم لەبەرکرد..

هەموو هاوارەکانم لێکەوت و لەپێ نەکەوتم..

چیتر ناپاڕێمەوە .. تەنها پاڕانەوەیەکم ماوە،

چۆتە حزووری نووچەوە / دەخیلتانم

با گەمژەیی نەنێین بە عیشقەوە!

٢٠١٩/١٢/٢٧



# پەلکە زێڕینەکانی پەپوولە

(١)

هەمیشە زیکر دەکا
لەسەر بەرماڵی گوڵ
پەپوولە

(٢)

ڕاوی ڕووناکی دەکاو
خۆی دەبێتە نێچیر ،
پەپوولە

(٣)

تەنها وەرزێك لە تەمەن

پاشەکەوت دەکاو دواجار ڕۆحی فەنا

پەپوولە

(٤)

گوڵ تەرمەکەی ناشت و

بۆ عیشق بووە شەهید

پەپوولە

(٥)

لە تیانووسی ئاشقێکی کاڵفاما،

جەستەی دەبێتە مۆمیا

پەپوولە



(٦)

عیشق یەکەم ئاینە ،

لە جانتای باڵەکانیا

پەپوولە

(٧)

کەلوپەلی ماڵەکەی قومێك بەهارو

کلۆیەك شنەبا،

پەپوولە

سلێمانی ٢٠١٨/٢/١١

# بۆ مامۆستا
# سەردار(نۆڕێ)ی هاوڕێم..

خودایە هەرچی کاڵفامە ڕەوانەی دۆزەخییان بکە...

چاوەڕوانی مەسیحێکم، خاچەکەی خاپورکا،

لەم هەموو نوێژانەدا دوعام فەنا فەنابوو،

کە چوومەتە حەرەمی جەهلستان..

هاوڕێم سەرکۆنەی خۆت بدەرە دەستی (با)،

بە فڵچەکەت عیسایەك ئەدا بکە،

هەموو گەمژەکان سکوتکا!



# (بیابان)

ئەم بیابانە دەستی لێوەشاندوم،

ماتڵبوونم واخەریکە دەخلیسکێ،

من چی شك دەبەم بۆ تۆ؟

تا حزوری شەکەتیت پڕم لە نووچ..

دەست مەخەرە دەستی مردن،

تا لێواری کۆتر مردن ناڕوا..

ئەی سەحرای دڵم،

دەست لەم چۆڵەوانییە هەڵگرە،

ئەمێستا ئاوەدانی دەفڕێ..

تەماشایەك ڕاو بنێ..تەماشا،

پێچی ئەم زەمەنە مەپێچە بە مردن،

تاپێچی کەناری ژیان گەشتۆتە قاقا!

پێم دەڵێ : نغرۆ بووم لە سۆراخی چاوەکانتا،

پێت دەڵێم: ئەم بێرونە بدەرە دەست ڕەشەباو ڕەهێڵە،

کە تۆ ڕووبارێکت لەبن دەستە ...

ئەم ماندووبونە مەخەرە ڕستەی جەستەتەوە،

خۆت مەپێوە بە نەفەسی نەخۆشخانە،

کە تۆ لەبرینەکانی منا نوونی شیفای!

خەیاڵت مەشێوێنە بە کفری کارەسات،

کە تۆ لەزیکری زاهیدبوونی منا،

توحفەیەك دۆعای!

***



چەند تەسکە بیابان بۆ ڕۆحم...

ئەی سەحرای ڕۆحم!

ژنێتیم چۆن تەرجەمە دەکەیت؟

کە وێرانەیەك لەسەر،

لەپی دەستما ئاوساوە..

کە چاوەڕوانییەك شەل بووە،

لە زەمەنی چاوەکانما..

ئەم هەموو دەلاقە دەبینم و

شەو لەناویا نووستووە،

کەچی شەوێکم نەدی ،

تامەزرۆی تەنیایی بێ...

ئەم هەموو ئەسپە سەحرا دەبڕن،

کەچی ئەسپێکم نەدی ،

لە دڵی ژنێکا تەنیایی پەرتکا!

ئەسپەکان هەر شتێك دەزانن:

سەفەر پڕ دەکەن لە حیلەو

پێشبڕکێ لەگەڵ (با) دەکەن..

دەستم لێمەدە ئەی سەحرای ڕۆحم

بڵێسەی ئەم ئاوە هەر ستیانی بەردی دەوێ،

لێژی لە پێڵاوەکانییەوە بڕوا...

پیاسەی هەتاویشی لە خۆیا هەڵچنیوە،

چۆن دەگاتە دەستی تۆ؟

ئاخر پێم وتی: مەل بەبێ باڵ ناکەوێتە فەرهەنگی فڕین..

ماڵی ئاسمان تا عەرشی خوا دەڕوا..

کەچی هەڵۆ گەر چیا نەبێ،بێلانە دەبێ!

خۆت مەخەرە تاری تەنیاییمەوە،

کە تەنیاییم تاقیامەت دەچێ..

کەچی تۆ لەقوڵایی سەحراتەوە وتت:

غەریبیت دەکەم تەنیایی!

***



ئەم ئەقڵە چەند سەرەو لێژە!
ژیان بێ عیشق
ئەم ئەندێشەیەم چەند ڕووخاوە،
گەر پردی عیشق نەبێ لەم سەحرایە چۆن تێپەڕ بم؟
بۆ هەرکوێیەك دەڕۆم هەر دەمامك دەبینم،
ئاخر حیکمەت لە دەمامك چییە؟
هەر تێشوی داخستنە،
هەر نیقابی قفڵ و کلیلە..
وام لێهاتووە هەر بۆشایی دەپێوم،
سیخناخم لە بۆشایی و مەودایەك
شك نابەم بۆ تەقەڵی هەنگاوەکانم..
تۆ چ بیابانێکی وێڵگەردی وێڵم دەکەی!
بە ئەفسانەی عاشقت نیم..
عیشق کەی شایەنی وتنە؟
با گمەی کۆترەکان نەشکێنم...
عیشق کەی شایەنی مەنتیقە؟
با ماڵی جاڵجاڵۆکەکان شپرزە نەکەم..

عیشق کەی شایەنی ترسە ؟
با دەنگی سیسرکەکان قاقڕ نەکەم..
ئەم سەحرایە چەند بچووکە بۆ هزرم،
کە دەڵێی عاشقت نیم...
خۆت قاچاخ دەکەیت لەعیشق،
کەچی عیشق لەبریسکەی چاوەکانتا بانگەواز !
بەم ماسکانە هۆشم مەقرتێنە،عاشقم مەبە،
ئایا ئەوە دەزانیت ژیان بێ عیشق گەمژانە ڕێ دەکا؟
حیکایەتی ئەم ماسکانە مەڕژێنە بەسەر وجودما،
ژنێتیم دامەخە،لە کاتێکدا ژنبوونم تەرجەمە دەکەیت
بە برینی عاشقت نیم...
ئەی سەحرای هەموو وجودم واز لەم ماسکانە بێنە،
ئەگەر بمانەوێ دەسکاری ژیان بکەین،
بە ڕەنگاڵەی باڵ زاخاوی بدەین
دەبێت عیشق بپۆشین تا ئاسمانێکی تر بفڕین،
چونکە هەر باڵ فەلسەفەی فڕین نییە!

***



ئەم سەحرایە چەند بێباکە!
هەموومانی سووتاند کەچی،
خۆی هەر سەرما هەڵدەکا...
هەموومانی دایە بەر گەردەلوول،
کەچی خۆی هەر باهۆز نەرمەکا...
بە هەموو عەرافەکان دەڵێم: ئێوە لە کوێن؟
کە تەلیسمی نیگاکانی ئەو پەی پێ نابەن،
بەچ کاشیفەیەك جوانی کەشف دەکەن،
ئەگەر تەمی خەمێکی نەبینن،
ئیتر ڕوخساری چۆن ڕاڤە دەکەن؟
نە مەستەکان و نە ئاشقەکان و
نە عەڕافەکان و نە ئەوانەی سوتان بە سوتان
لەم بیابانەدا تێنەپەڕین و
لەپردی بیابان لۆژییەوە نەپەڕینەوە..
تەنها من بووم بە هەموو گورگەکانم وت: سکوت بن سکوت
ئیتر هەموو بانگەوازەکانم دەدەم لە یەخەی هەڕاج و

هەموو حەوسەڵەم گرمۆڵەی قەفەس..
چونکە مەحەبەت فڕینە فڕین ..
ئەم بیابانە دەگاتە قەراغی مانگەشەو و لە فڕین ناگا،
لە کاتێکدا من لە گیانەڵڵای ئەستێرەیەکا فڕین دەڕوێنم..
ئەم مەحەبەتە چەند فەلەجە،
ئەم تێگەشتنە چەند پێچاو پێچە،
ئەم فڕینە چەند کون کونە...
قومێك قسە دەکێشم بەکۆنگرەی گورگەکاناو
دەڵێم: ئێوە لە سەفەرە قرتاوەکانی بیابانەوە
شەوتان هەڵواسیوە بە جیلوەی ئاوەدانییا ،
لە کاتێکدا شەو گەشتۆتە بانگی کەڵەشێر..
منیش بیابان لە خۆم ئەدەم و
ژنێتیم دەسپێرم بە شەکەتی
تا تێبگەن بیابان لۆژی
خەڵوەتی پێ نۆشیم و تەریقەتی خەیاڵم
فوارەی خۆڵەمێش!



# پێنج فیراقی تۆ

(١)

خراپ نەبووم،

لەوەتەی تۆم ناسی

خەراباتە ماڵم،

ئەمە ژیربێژی تۆ نەبوو

(٢)

گوڵ چ نەشئەیەك بچنێ،

كە تۆ تەفسیری دەكەی،

لە وشكاییا بڕوێ

ئەمە ویستی تۆ نەبوو

(٣)

لە کوێ مەحەبەت ببارێ،
غوبارەماندوو بوون، کەچی،
مەحەبەتی تۆ ماندووی کردم
ئەمە فیراقی تۆ نەبوو

(٤)

کە هزرت پڕە لەپەنجەرە،
ڕاهێنان مەکە بە تیر هاوێشتن
ئەمە نەسلی تۆ نەبوو

(٥)

کە تەلیسمی چاوەکانت ئەلفابێتی تاڤگەن،
فێری تەرجەمەی چۆڵەوانی مەکە
ئەمە ناسنامەی تۆ نەبوو



# پرسیارە
# بێ وەڵامەکان

(١)
تەماشام دڵۆپە دەکا،
تا ژێر بوونەوەی ژێر کراسی میوەیەك،
باران چەند لێمانەوە دوورە؟

(٢)
تلبوونەوەی ڕووناکی،
بۆ باڵی پەپوولە جگە
لە کوشتن چی چێدەکا ؟

(٣)
دەمێکە لە بیرم چووی ،
نازانم کەی پێڵاوم بۆ ڕووبار دانا ؟

(٤)
پرسەی هەنگ لە کوێیە،
گوڵ تا ئەژنۆی ڕەشەبا،
سەری نەویدەکا ؟

(٥)
باران باڵ، باڵ دەخلیسکێت
لە هەناسەسواری چەتر،
یان لە دەستکێش بێباکە؟

(٦)
ژوورە تاریکەکە گریا،
ستیانی ژنێك چەند ئەمپێرە؟

(٧)
گوڵ عیشقی تەئویل کرد،
دڕك چیبکا لە هەر پێچێکی پەنجەدا،
شکۆفە تەژی لەپێکەنینا؟

٢٠٢٠/١١/٢٩



# پێنج هەناسەی بەفر

(١)

خۆر تك تك تیرۆژی تێدەگرێ سەراپا،

جەستەی دەبێتە ورشەی زیوو

بەفر

(٢)

دەبێتەگەڵای سپی بۆ درەختەکان،

چلورەش دەموچاوی پێ دەشوا

بەفر

(٣)

که سەما دەکا لەگەڵ هەناسەی (با)،

ڕیشۆڵەکان فەرشی فڕین دەچنن

بەفر

(٤)

که لەپایپا هەناسەی کێشا

مارومێروو دەچنە سوڕی متبوون،

داهۆڵ پەناهەندەی کێڵگە..

بەفر

(٥)

دواجار لەژێر زەوییا کەوتە هەناسە بڕکێ،

ماڵێك چێدەکا لە قاقای ئاو..

بەفر

سلێمانی ٢٠١٩/١/١٧



# تابلۆکانی (نا)

(١)

پێچاو پێچ ڕادەکەن،
شەپۆلی شەقامەکان نا،
کەوشی کۆڵانەکان!

(٢)

درێژ درێژ دەروا،
پێکەنینی درەختەکان نا،
هەناسە بڕکێکی ئاو!

(٣)

تاریك تاریك دەفڕێ،
باڵەکانی شەو نا،
شەقژنی شەمشەمە کوێرە!

(٤)

نەرم نەرم ختوکە دەداتە تەناف،
جگەرەکێشانی (با) نا،
لاسکی ستیانێك!

(٥)
پڕ پڕ لە خەیاڵا نغرۆ،
بینین لەپەنجەرە نا،
دەموچاوێك لە فیراقا!

(٦)
چەپك چەپك ترس دروومان دەکەن،
داهۆڵی کێڵگەکان نا،
نەعرەتەی ژنانی عەفرین!

(٧)
دڵۆپ دلۆپ دارستانێك دەدوریٚ،
هەنسکی هەورو هەناسەی باران نا،
ئەلفابێتی چۆلەکە پەمەییەکان!

سلێمانی ٢٠١٨/١/٢٤



# تۆ لە چوارگۆشەی جێهێشتنا

جێهێشتن کفرێکە چوارگۆشە،

ئەم هەواڵە خەیاڵم لێ دەکاتەوە،

لە چاڵی فیراقا، شێتبوونم گرمۆڵە و

ترپەی میهرەبانی لە شکۆفەدا دابەزین

لە ژنانەترین هۆشما مەحەبەت بێهۆش

شتێك هەیە بێدەنگی، لەلای ڕۆحمەوە شاڵاوی نەعرەتە

شتێك هەیە سکوتی ئەبەدی، لەلای دڵمەوە سێگۆشەی فەرتەنە

هەموومان قفڵێك دەکەین بە یەخەی ڕابردووا

من بەسەری (با) دا دەکەم ،کە نەیتوانی دڵم فێری فڕینکا
تۆ فێرت کردم و لە ناو ئاوەدانی (با) دا ونتکرد!
(با) چ هەواڵێکە خزاوەتە قاچی شەمەنەفەر،
چ مەستی مەودایەکە شەل و کوێر ؟
ڕادیۆیەکە گریانێکی تاشی کۆلارەکان بە دەستی باوە قڵپ دەبنەوە،
مناڵەکان لە ترافیك لایتدا بە گڵۆپی سەوز دەچەقن...
سەتەلایتەکە بنێشتێکی چرپاند/گۆزەکان بە شانی کچەکانەوە،
لە ترسی با دەئاوسێن بە نەزیف،
ژنەکان سەرئێشە دەگرن بە چڵێك باوە،
لە بیریان چووە مەمك بەند دیواری ڕووخاوە!
ئەم هەموو هەواڵانەی با تێپەڕن شایەنی جێهێشتنن،
کەچی تۆش خەریکە جێهێشتن هەڵدەکەیت...
گوێ لەم تەماشایەم بگرە ،قاچی شەقامەکان



ئازاری قەڵەو ڕواندونی نەك پەیکەری درەخت

ڕوانینێکم تێبگرە، وا تەماشام چەقیوەتە سەر ژنێك

لە کەندولەندی پێیەکانییا.. چیرۆکێك خۆی تەفسیر دەکا،

ژنێك لە ڕەنگی ئاوی من، لە نەسلی قسەکانم

پیاوێك لە(با) یاقوتی ڕۆحی فڕێداوە،

پیاوێك لە هزری چیمەنتۆ

پێڵاوەکانی ناشتووە لەپیتی تاریکی

کەچی ئەو میهرەبانی لە مناڵیا چێدەکا..

منیش میهرەبانی دەچنم بۆ تۆ ..

تۆ بوون چ واتایەکی هەیە،

کە نەوتوانی ئەم کێڵگەی ڕقە دەرمانی مێشی پیاکەیت،

کە تۆ نەوتوانی ئاینی داهۆلێك هەڵکەنی لە ئەهوەنی

تا پەتای ترس نەمخوا..

لە بیرم چوو داهۆڵ ڕابردوویەکی دووبارەیە

چۆلەکەکان زەمەنیان قڵیشاندو فیکەیان لێکێشا،

پەڕەسێلکەکان خەونی داهۆڵیان داکەندو

ڕۆیان کردە سیاقی سەفەر..

بولبولەکان مێژووی داهۆڵیان ڕیسوا کرد،

بە حیکایەتی درۆ..

پەڕەسێلکە، چۆلەکە، میلۆدیای بولبول

تێپەڕن .. لە هزرما زەمەنی جێهێشتنن،

تـۆش خەریکە لـە چـواری گۆشەیەکا جێهێشتن چێدەکەیت،

مێژووی شەهرەزاد تلدەکەمەوە .

بە شەهریار دەڵێم: سەری ژنەکان مەپەڕێنە بە جێهێشتن

با بتکەمە لێزمەی هەواڵێك ،چاوی با گوێی لێ نەبێ

لە شەهریارەوە بۆ وجودی تۆ

پاڵێك بنێنن بە فیراقەوە واگەشتۆتە سەمای کراسەکەم

ڕۆحم  فەنا دەکا..سوچی تۆ بوو دالی مەحەبەت لوولە..

ژنبوونم حەوسەڵەی مەلوول،مەلوولە!

***



لە گۆشەی چ چوار گۆشەیەکەوە بیرت بخەمەوە،
کە وتت : جێتناهێڵم..ڕۆشتنت چووەتە کورتەی هەواڵەکان
سەتەلایتەکە پاڵی بە بێدەگییەوە نا،
ڕادیۆکە کردیە هەرا: متمانە توشی پەتا بووە،
ئەی مرۆڤ دەست بە کڵاوەکانتانەوە بگرن ،
با متمانە نەتانکاتە پێکی پەتا!
چ خەجاڵەتییەکە زەردەخەنەکانی مەحەبەت،
لە گەڕەکەکانی تەماشاما هاڕەیان کرد..
کە گوێیەکانم ئەمەی بینی
وتم: من لەزەمەنێکا زیندەگی چێدەکەم ،
لەپێکەوتنی مرۆڤە..مرۆڤ
بیرتە لەپارکی پەڕەسێلکەکانەوە،
وتت: گەر مردم حەزدەکەم وەسێتم ئەوە بێ
چاوەکانم نیشتەجێ بێ لای تۆ..
نا.. با چاوەکان شاهید بن ،
کە چۆن وەسێتت دایە دەم با
تاخوا حەز بکات خەمت پێوە نام ،

تا خوا ئاگادار بوو،فرمێسك چاوەکانی بردم..
ڕادیۆکە ژانە سەر گرتی /خاڵبەندی ئەم هەواڵە ناتەواوە
لە چوارگۆشەی جێهێشتنا متمانە مردووە،
کە متمانە دەمرێ/ڕۆژەکانی هەفتە لە سوچی هەینیدا
خۆیان هەڵدەکێشن لە فیراقێکی ئەبەدیی
سەرما هەڵدەکا،تای ئاگردان ناچێتەوە سەر خودی خۆی
جانتاکان قوڵپ ،قوڵپ ..قڵپدەبنەوە
هی خەڵك کەڕووی ڕابردوو،
هی منیش نیشتمانێك لە چوارگۆشەی جێهێشتن...
قەترەیەك قیامەتم، لەپاپی پەنجەکانما کێشا،
لێ خەجاڵەتم ،خەجاڵەت
خەجاڵەتم بەلای هەر پارکێکا دەڕۆم،
کۆپی پیاسەیەکم لێدەکەوێ لەپێڵاوەکانی تۆ،
شەرمەزارم بەلای هەر شەقامێکدا لادەدەم،
پێچی خەیاڵێکم دەخنکێ بە هەناسەکانی تۆ
تۆ چ بوونێك بووی لە وجودی منا کە خۆم ونکرد!
پارك،شەقام تینوو بوون بە سڵاو ،



منیش بە متمانە..
متمانە لە سوڕی مانگانەدا نەزیفێکی نەزۆك،
لە دەرگاو پەنجەرەکاندا ڕەنگدانەوەی جێهێشتن،
لەسەر مێزی نان خواردنا پەردەیەکی تەمتومان،
لە ستییەکانیشا کەلاوەیەکی کرێ،
لە دڵی منیشا مردنێکی بێ مروەت!
ڕادیۆکە چووە خانەی بە ساڵاچووان،
تیڤیەکە کۆکی/کورتەی هەواڵەکان هەر ئەمەیە،
مرۆڤ جێی متمانە نییە،
جێهێشتن ئاکتینی کەسێکە
متمانەی ڕاو کرد..
تا هێزم تیا بوو ڕێژنەی سوکتم هاوێشتە تیڤییەکە،
ئینجا گوێچکەکانم داکەند و
وڕێنەیەکم دابەزاند،
چەندە کاڵفام بووم بە مەتەرێزی متمانە،
جێهێشتن ئاکتینی کەسێکە ،
متمانەی ڕاو کرد!

٢٠١٩/٨/٢٤

# هیچ

من وتم: چەند چۆڵم لە خۆم،
کچبوونم چەند بیابان..
تۆ وتت : ئەی خەیاڵی ناو خەیاڵم
من دەڵێم : چ گەمژەییەکە خەیاڵ،
باڵندە هەر دەنووك دەدا لە باران و
بەهار دەخاتە سەر شان..من هەر نەخۆشم،
بەخوڕەی پاڵتۆو باران درزی تێدەکەوێ و
کوچەیەك لە دڵشکان!



تۆش خەتمت کردووە نالەبار ،

دڵۆپ ،دڵۆپ دابڕان،

چۆلەکەت داخست و

هەنگاوەکانت هاژەی هیچستان...

## مەعبەد

هەڵم پێکە لە هەوری دەنگت،
نم نم بارانت بۆ دەتاشم..
مینای ئەم میلۆدیایە،
لیخن مەکە بە حوزن..
کە کەم کەم
دەچیتەوە سەر ئەفسانەی ئەفسون...
ببورە کە دەست لە ئەفسانەی ڕۆحت ئەدەم،
دەستە پاچەم کە ناتوانم جەنگێکت،
لەگەڵ بەرپاکەم..
تۆ بەئەفسونی خۆت کوشتنێکت،
لەمنا ڕۆکرد...
تۆ کافر بوویت و منیش زاهید
کەچی تۆ بوویتە مەعبەدی من!



# مەعشوق

خودایە دڵم پڕە لە فیراق،
هۆشم زیندانی دنیایەکە،
کە مینرِێژی مەرگە
عیشق لەناویا تەپاوتلی جێهێشتنە،
من لەسەر لەپی فیراقا،
چوومەتە چەپەری زیندەگی
دەخیلتم تۆ ئارامگەی ڕۆحم بە،
وێرانەیەك بە منا تێدەپەڕێ،
فریاد ڕەسێ ئەی خودای من
کە تۆ مەعشوقم بیت چیمە،
لە هەڵکەندنی یەقین و گومان
کە تۆم هەبێت ، بۆ چیمە
تەفسیری کوفرو ئیمان!

# سورستان

ئیرەیی دەبەم بە ڕەنگە سورەکان،
گوڵێکی سور لە تەسریحەی ژنێك،
گەمژانە لە سور دەگا،
نەزیفی شیعرێك لە وشەکانی من
کاڵفامێك سورە ئەدای بکا..
دەنگێك پڕە لە حیکایەتی سور و
لە سور ناگا...
لە هەمووی سورتر ئیرەیم تۆخ دەکا،
ملپێچێکی سورە بووەتە مێژووی
پیاوێك،
بۆ ئەوەی سورستانی دڵێك،
ڕاڤەکا!



# قەرەج

لەناو جانتاکەیدا هەموو

بیرەوەرییەکان قەد دەکا،

بێجگە پاسپۆرت !

# توحفەیەک لە دژەکان

(١)

کە (با) قاچی لەجێ چوو،
درەختەکان چەنەبازی فڕێدەدەن،
سەمای گوڵی کراسەکەم دەکەوێ!

(٢)

تاریکی زمانی دەچەقێ لە تەمومژ،
کە چرا چەند چرپەیەک دەخاتە گیرفانی!



(٣)

که مرۆڤ تفەنگی کردە پاسەوانی،

جەنگەڵ دەبێتە ئیمپراتۆری!

(٤)

قفڵ و قەفەس و قامچی،

قافێیەکن داخستن..تەنها بە دەستی

خۆرێك هارە دەکەن ،

ورتە ورتی ئازادیی!

(٥)

لە کفرێکی خەیاڵمدا تۆ

عەندەلیبم بووی لە حەرفێکی باراندا،

کە چەتری حەقیقەت پێکەنی،

نە تێگەیشتن چاویکردەوە، نە چاوەڕوانی!

٢٠١٨/١/١

# چەند چرپەیەکی شکاو

(١)

وتی هەرگیز جێت ناهێڵم،
ئەو قسەیەی مۆمیا کرد،
یان موتوربەی خەتی خەیاڵ؟

(٢)

بە کفری قسەیەکی نامەکان،
ڕۆکرانە زبڵدان

مەحەبەت چ دەردێکە،

من لەخودی خۆما تۆرام!



(٣)

چەند گرانە ئێشی،

من بە عیشقی نزیك بوومەوە لە عیبادەتی،

ئەو سەراپا لە سەرابا عیشقی بینی!

(٤)

من ڕقم کوشتووە مناڵی،

لە کۆڵانی پەنجەکانما لێزمەیان دێ،

تۆش بارانی ڕق فێرکە خۆشکاتەوە!

(٥)

ئەم دڵتەنگییە بوەستێنە،

با من بگەمەوە بە شەقامی پێکەنین،

باتۆش ونیکەیت دوڕیانی قین!

٢٠١٩/٤/١٠

# وێنەکانی جەنگ

(١)

جەنگ لە سەرەتادا کە دەکەوێتە ڕێ..

فۆتۆگرافەرێك لە زوومی کامێراکەیدا،

ڕۆژنامەنووسێك لەژێر دوودڵی قەڵەمەکەیدا ،

شەهیدێك حەشار دەدەن.

تەپوتۆزی قیژە چاو دەکەن..

بازرگانێك پێك پێك پێکەنین ،

لە گیرفانیا نوقم دەکا...

دایکێك لە نووستنی کەلاوەیەکدا،

ڕۆحی منداڵەکانی ڕۆدەکا..

جەنگ یادگاری دەداتە هەموومان ،

بۆ منیش خەمی هەموو نیشتمان!



(٢)

له جەنگا سەربازێك گولله سنگی سمی،

له گیرفانی کراسەکەیدا نامەیەك گریا،

چاوەڕوانییەك چاوی چووه فیراق

تا قامی قیامەت هەنسکیدا !

(٣)

جەنگ نیشتمان پیردەکا

پێڵاوه نەخۆشەکانی ئیکمال دەکا به دڕان

لاقی شەقامەکانی به گڤەی زبڵدان...

(٤)

پاشماوەی جەنگە،

نونی بێوەژنەکان و

ناڵەی دارشەق و

سەرئێشەی نیشتمان...

(٥)

سەربازەکان ،

بۆ خاك دەجەنگن،

بیریان چوو چاو دائەگرێ،

گۆڕستان



(٦)

نیشتمان لە جەنگا

هەتیوخانە هەڵدەچنێ،

دارشەق دەفرۆشێ

دەبێتە بازاڕی مەدهۆشان...

# چەند ڕەنگێک
# لە باران

(١)

کۆڵانێك گریان پیادە دەکات،

باران لە سەفەرا نوقم..

ئەمر شکانە لێزمەی دێ،

نائومێدی لەپێدەشتی،

دڵتەنگییا کۆتر بارین!





(٢)

چوومەتە هەناسەی چاوەڕوانی،
تا چاو بڕ بکات ماتڵبوون..
دەمەوێ ڕەنگی باران بخەمە،
سێکوچکەی بۆق و خۆرو بەهار..
چ شەکەتە باران بە خۆزگەکانی من!
بۆق فەلەجە،خۆر نووستووە،
بەهار لە خەیاڵا،نیشتەجێی قاوەیی!

(٣)

هەور باران دەدورێ،
ئینجانە دڵۆپەکانی،
چۆلەکەش درزەکانی ،
تا لەڕەنگا ئاوێزە هەڵقوڵێ!

(٤)

بە باران بمپێوە،
دڵم خەرمانەی تنۆك،
چاوم قۆپچەکانی،
مەودایەك هەیە ناگەمە تۆ،
من بارانم تۆ چەترت لەبەر دەروا!

# خەمە
# خاکییەکانی کچێک

(١)

چەندە پێچی ڕێگام پێچاوە بە نابینا!

ڕۆحم نغرۆ کردووە لە تۆ

کەچی ڕۆحی تۆ،

وشکە ساڵییە لە من!

(٢)

چەندە پەناهەندەم بە تەفسیری پەروانە

بریقەی عیشق شەوارە دەکەم،

تۆش خاکی دڵت خاکستەر!



(٣)

چەندە شێتی و سەرگەردانیم سەرەکا،

کە هەنگاو ڕۆدەکیتە خەتی جادە،

پێڵاوەکانت پێدەکەنن،

کەچی چاوەکانی من بەخوڕ دەبارێ..

(٤)

چەندە کاڵفامیم درێژ درێژ دەڕوا!

نیشتمانم خستۆتە جانتاکەی شانم،

کەچی دەمەوێ لە نیشتمانی

چاوەکانی تۆدا نیشتەجێ بم!

(٥)

چەندە پەرت و پەرتەوازەم،

بە چاوی چاوشارکێ..

خودی خۆمم بەلێشاو ونکردووە،

کەچی هەڵوەدای فیراقێکی تۆم!

سلێمانی ٢٠١٨/١١/١٢

# دووبەدوو

(١)

چەند قوڵپێك لەپێکەنین،

بە پەیژەی گازندەدا گەشتنە بەهانە،

دوو دۆست بوونە بێگانە!

(٢)

چەند شیعرێکی چەپڵە،

برسیبوون بە ئافەرین،

دوو، دوو دەستەواژەی درۆ هەڵپەڕین!



(٣)

چەند شۆفلێکی فاشیست،

کە هەناسەیان هەڵکێشا،

کانییەکان دوو دوو بوونە نابینا!

(٤)

چەند گوللەیەك کەوتنە کۆکینەوە،

دوو کەروێشك لە بێشبڕکێدا کوژانەوە!

(٥)

چەند پۆستاڵێکی بیابان،

کە ئیشتیهایان کرایەوە،

دووبەدوو قامچی و شمشێر،

لەگەرمی تەرما ڕشانەوە!

(٦)

تۆ لە ناسینی منا وشە و ڕستەکانت،

کردە کاریزما..

من بە دووشەشێك،

کۆپی کۆیلەبوونم کوشت!

(٧)

وەرزی بەهار سومبولێکە دیکتاتۆر،

لە فەنتازیا...

دووبەدوو باران و خۆر،

ڕیشی گیاکان دەسپێرن بە سێدارەی (با)

لێوی گوڵەکان بە مەتەرێزی ماچ!

سلێمانی ٢٠١٧/١٢/٣٠



# ڕەنگاوڕەنگ

(١)

دەلاقەیەکی برسی،

چاو دائەگرێ لە نانێك

ماڵێکی هەژار

(٢)

شەو هەراسان دەبێت،

تاریکی کەڕ ولاڵ

چەنەبازی سیسرکێك

(٣)

نێچیرەکان ڕاو دەکرێن،
بە چنینی ماڵێک
تەونی جاڵجاڵۆکە

(٤)

پێدەشت و با
گۆرانییەك دەچڕن،
کەروێشکەی گیا

(٥)

درەخت هەڵدەپاچن،
چڵەکان دەچنن
ناسنامەی قەفەسێك





(٦)

گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ئەدا لە پرچی،

دەبنە ماڵی پەپوولە

تەسریحەی ژنێك

(٧)

دارلاسیکێکی عەجول،

درەختێکی سور پۆش کرد

ڕیشۆڵەیەکی شەهید

(٨)

لە بەهاردا خۆی نمایش دەکا،

حەوت جۆگەلەی ڕەنگاو ڕەنگ

پەلکە زێڕینە

(٩)

دارستانێکی مۆمیا،

باڵندەکانی چرچ و لۆچ،

تابلۆیەکی سوریالی

(١٠)

وردە وردە پیاسە دەکا،

لە ڕوبارەکەشدا دەفڕێت

کیسەڵێکی پیر

(١١)

لەناو جانتاکەیا دەنوێت،

ماکیاج و ئاوێنە

فەنتازیایی کچێك





(١٢)

نەخۆش دەکەوێت بە لەتێك تیشك،

جەستەی دەبێتە تنۆك

پەتای بەفر

(١٣)

لە ناو دێڕی دارستاندا مەلە دەکا،

شەپۆل دەداتە درەخت

تاڵێك چۆلەکە

(١٤)

بەبیّرییە سەوزەکانیان،

گۆمەکە دەخەنە پێکەنین

وەرزشی بۆقەکان

(١٥)

ماڵەکەیان ڕادەخەن ،

بە دەنکە گەنم

پاشەکەوتی مێرووله

(١٦)

(با) خامۆش دەکەن،

خۆڵەمێش دەکەنە بالیف

خەرمانێك خەڵوز



# ڕۆمانی کۆرۆنا

(١)

نەك وەرزێك، ساڵێك تەمەنی بردین کۆرۆنا

ساڵی زیندانی و ساڵی کوشتنی بەرائەت و میهرەبانی...

خودایە مرۆڤ چەند بچووکە ،

ئەگەر قارون و نەمرودیش بێ،

قارون ڕۆچوو لە زەوییا،

نەمرود بە مێشولەیەك گیانی لە دەستدا..

خودایە مرۆڤ چەند بچووکە،

نەك مێشوولە ...لەبەردەم ڤایرۆسێکدا ،

چەندە بچووك بچووکە،

لێ ڕۆمانێك لەفەنا بوونی مرۆڤ

(٢)

هەمیشە جەنگێك پیاسە بە زەویدا دەکا،

گوڵ لە سوچی تاریکیا دەگاتە پیر بوون،

خۆر لەژێر خانی قاچەکانیا،

ستایشی دۆزەخ دەکا..

مرۆڤ چ درۆیەکی لەگەڵ خۆی کرد،

بەدوای بەختەوەریا گەڕا..

هاوارو قیژەکانی هەڵچنی بۆ،

لوتکەی پێکەنین..

نەیزانی بە چەکوشی کۆرۆنا،

قیامەت چەکەرە دەکا!





# ژن و ئەوان

(١)

شێوەکارێك هەموو
کورسییەکانی کوژانەوە،
دواجار کورسییەك
لە هزریا هەڵنیشت،کورسی
بووە پەپوولە ژنێك!

(٢)

شاعیرێك بە دووکەڵی جگەرەکەی،
ژنێکی چێکرد،
دووباڵ لە کەمەریا،
ئاسمانیش نووچیدا !

(٣)

ژەنیارێك لەژێر چەترێکا عاشق بوو،
کە خۆری ژنێك باری،
دڵۆپ دڵۆپ چەتر ،
بووە میلۆدیا!

# سروشت وادەڵێت...

(١)

زرنگانەوەی بەرد،

لە کراسی شاخدا

چۆڵەوانی هەڵدەکا !

(٢)

مردنی گوڵ لە ڕەنگدایە،

قسەی ڕەق دەکا !

(٣)

لە بیرەوەری دارچنارا،

قەوزە هەبووە،گیرفانەکانی

تەژی کردووە لە ئیرەییا !



(٤)

له ئه‌ندێشه‌ی ئاوا،

داربی هه‌یه سێبه‌ر هه‌ڕاج ده‌كا !

(٥)

برین له‌په‌نجه‌ی لاولاوا،

دوگمه‌ی دیواره، له چاڵوچۆڵییا !

(٦)

قاقای كرم ،قوڵ قوڵ ده‌ڕوا

سه‌فه‌ری سێوه له مه‌رگا !

(٧)

له‌خوار پێیه‌كانی تاریكییا،

بریسكه ده‌فڕێ، واده‌ی سپێده‌یه

له خۆشۆرینا !

٢٠٢٠/٩/٢٨

# سێ تەڵاق
# لە هەشتی مارسەوە

تەڵاقی یەکەم

چ فەرتەنەیەکە باسی چی دەکەن؟

هەموو شەڕەکان دڵی ژنیان ئاودیو کردو

بە خەتێکی فەرهودەوە نوسیان،

بەهەشتە هەشتی مارس!





ڕۆژ هەڵەبجەیی

تەڵاقی دووەم

تفەنگە کەللە پووتەکان،

پێکەنینی ژنیان مینڕێژی دووکەڵ کردو

بە خەتێکی کەمئەندامەوە نووسیان،

هەڵەیە هەشتی مارس!

تەڵاقی سێیەم

بە ناوی ئازادییەوە هەموو قیژەکان،

چوونە ژووری نووستنەوە

بە خەتێکی کاڵفامەوە نووسییان،

ئۆرگازمە هەشتی مارس!

٢٠١٨/٣/٧

# سێ تنۆک

(١)

وام لێدەکات شەو کلۆمدەم،

شەونخونی هەڵکۆڵم،

پەردەکان بکوژێنمەوە

عیشقی تۆ

(٢)

کە بتەکان هەبوون،

بۆ هەمیشە ئیبراهیمێك،

تەور لە شانییەوە هەڵدەقوڵێ

وتەی سەحرایەك

(٣)

لە پرچی ژنا قیژە چێدەکا،

پەتپەتێن لە تەنورەدا

هاروهاجی ڕەشەبا





# شتە بینراوەکان

(١)

کە هەڵدەچێ گاز لە جوانییەکان دەگرێ،

دواجار لە خۆڵەمێشا خۆی حەشار دەدا

ئاگر

(٢)

ناتوانێ ڕێگا بخاتە ناو پێڵاو،

نووچێك دەداتە گۆچان

پیرێتی

(٣)

کە دەشنێ ماندوێتی لێ دەکاتەوە،

سێبەر دەبەستێ لە کەمەری

شنەبا

(٤)

نەعرەتەیەکە لە وشکاییا دەخنکێ،

تا دەگاتە هەڵمبوون

بێدەنگی

(٥)

تا خوا حەز بکا باڵای دیوار،کێڵگەی لم،

ئاوەدان بەکێبڵ و قامچی

نوگرە سەلمان

(٦)

لەگەڵ شەپۆلەکانی شەڕ دەکا،

پڕە لە هاروهاجی

ڕووبار



(٧)
ڕۆشتن هەڵدەچنێ،
باڵ دەداتە سەفەر
جانتا

(٨)
گەڵا لەناو بادا کۆدەکاتەوە،
زەوی کفنێکی زەرد
پاییز

(٩)
باڵ خاڵی دەبێ لە فڕین،
ئاوەدانی ئاسمان نووستوو
ڕابردوو

(١٠)
باران دەپێون بەنزا،
هەتیوێک پێڵاوەکەی دڕاو
ناتەبا

(١١)
لە زەردەپەڕا باوێشك دەدا،
شەکەتی دەسپێرێ بە شەو
ئێوارە

(١٢)
ترسی هەڵدەوەشێ،
کڵاوەکەی هێلانەی کۆتر
داهۆڵ

(١٣)
کڵاوێك چنراو بە گەنم،
لەژێریا چۆلەکەیەکی برسی
داو

(١٤)
چاویلکەی ئاسمان ڕەش وسپی،
سێگۆشەیەك باڵ چێدەکا
پەڕەسێلکە



(١٥)

هەورە بروسکە گازی لێدەگرێ،

ژێر درەختەکە دەبێتە چەتری سپی

قارچك

(١٦)

گۆمێك پڕ لە کڵاوی سەوز،

گۆرانی دەچڕن

بۆقەکان

(١٧)

ئاسمان تورە دەبێت،

بەربوونەوەی مورووی سپی

تەرزە

(١٨)

لەناو لقی درەختەکاندا پەناهەندە،
تۆپەڵێکی نەخشین
هێلانە

(١٩)

تاریکی ڕاو دەکا،
هەڵقوڵینی سپێدە لە دەنگییا
کەڵەشێر

(٢٠)

پێڵاوی بیابان،
جوتێك جۆگەلەی سەرابن!



(٢١)
لەسەر لاپەڕەی ئاو،
وشکاییەك خەوتووە،
تینوێتی

(٢٢)
لە دڵۆپێك باراندا،
دوگمەکانی دەکاتەوە،
لافاو

(٢٣)
کڵاوی ئاسنەکان،
هێڵی چەماوەن بۆ ئازادیی!

(٢٤)
لە بێدەنگییا ،
قوڵییەك هەڵدەقوڵێت،
هاوار

٢٠١٩/٤/١٣

# شیعرییەت
# لە دێڕەکانا

(١)

سێبەرەکان دەزانن هاوین چەند گەرمە
کەچی ڕقیان لە کاسکێت هەڵنەگرت!

(٢)

ئەوە کەوشەکانن، ڕێگا دەبینن چەند کەندولەندن
کەچی گازندەیەك ناگەیەنن!



(٣)

دەستەکان هۆشیارن لە قفڵدا،کەچی ڕۆژێك
دەرگای هیلاکییان کلۆم نەدا

(٤)

جۆگەلە دەزانێ قەوزە چەند هاروهاجە:
کەچی قسەیەکی چەقۆی لێنەدا

(٥)

درەختەکان سەریان دەخورێ بە هێلانە،
کەچی گەڵا نەبووە سیخوڕ لە ڕێگەی ڕاوا

(٦)

کێڵگەکان داهۆڵ دەناسن چەند تەقلیدن:
کەچی ڕۆژێك ڕاپۆرتیان لێ نەدا

(٧)

ئەوە تاری تاریکییە هەڵدەچێت،لەشەوەزەنگا کەچی

لە دەماری ڕووناکییا تورەبوونێك نەڕوا

(٨)

ئەزموونی دڕك بۆ باخ پاسەوان و پەرژینە،

بۆیە گوڵ ناسکی خۆی درکاند لەگەڵ دڕکا !

(٩)

ڕەشەبا سێو بەسنگی دارەوە ،فڕیدەدا

ئەوە سوچی پێگەشنتە،نەك بەهانەی ڕەشەبا

(١٠)

دارچنار فوارەی (با) لەسەریا پیر بووە،

کەچی لقەکانی دەڵێن ئەوە پرچی ئاوە نەنووستووە !

سلێمانی ٢٠٢٠/٨/٩



# لە هەموو کەڤاڵەکاندا چارەسەر
# وێنا دەکرێت،جەنگ نەبێت

(١)

هەناسەی ئێوارەیەك بە خۆرنشین ،
بریندار دەبێت،
بۆ چارەسەری دەبێت،
پێكێك لە تاریكی و
تۆزێك لە زەردەخەنەی مانگ،
تێکەڵکرێ!

(٢)

ژوورەکەم نانوێ،
نەخۆشە بە گڤەی ڕەشەبا،
دەبێت سەری بشێلم بە شنەبا!

(٣)
جادە  پێویستە وەرزش بکا،
تا قاچەکانی هێلَنج نەدا لە دڵتەنگییا!

(٤)
کتێبەکانم قورس بوون بە تەپوتۆز،
دەبێت چارەسەریان بکەم،
بە چەپکێك ئۆکسجین!

(٥)
ئاوی گۆمەکان بە قیڕەی بۆقەکان ،
لیخن بوون،
دەبێت ملپێچی جۆگەکان لە ملکەن!

(٦)
ئاگر دەبێت دەستەکانی بپژمێ،
تا خەو نەبینێ خۆڵەمێش باوەشێنی بکا!




(٧)

کۆڵانێك بە هاروهاجی منداڵان کەوتۆتە پیری،

دەبێت دارتاشێك گۆچانێکی بۆ چێکا،

پڕ لە پێکەنینی شارلی شاپلن!

(٨)

ڕۆشتنی مێرووولەیەك کەڕ دەبێت،

دەبێت بۆ چارەسەر لەگەڵ دوو قوم،

گوڵە گەنما پێشبڕکێ هەڵدا!

(٩)

شەو تا بەرە بەیان پرخەی دێ،

نا یەڵێ پەنجەرە بنوێ،

دەبێت لە دۆسییەکانی باجدانا،

تاریکی بکێشێ!

(١٠)
پاییز وا ڕاهاتووە
لەپەنجەی هەر گەڵایەکا بنوێ،
برین نیشتەجێ.. دەبێت بۆ چارەسەر
بچێتە خولی هاوینە تا ببێتە برین پێچ!

(١١)
دوکەڵێك دەدڕێت،
بۆ هەڵکردنەوەی بە پاڵتۆی ئاسماندا،
دەبێت فیکەکێشانی (با) هاوڕابێت،
لەگەڵ چڵی چرا!

(١٢)
ڕەنگی ڕەش پڕە لە جریوەی چاوەڕوانی،
بۆ چارەسەر دەبێت
بەپێکەنین تەڕ بکرێ و
خەت، خەت بکرێ بە چەهچەهەی پەمەیی!



(١٣)

مۆمێك پڕە لە گریان،

بۆ چارەسەر دەبێت

شەو لە داوەکەی ناویا بنوێ و

ژن دەنکە شقارتە بخاتە زاری زبڵخانە!

(١٤)

پیاسەکردن بە دارستانی دەست و پەنجەکانا،

بێزاری دەشێلێ..

دەبێت گسکێك لە ماندووبوون بدرێ،

لە بیابانی لێوی یارا،

باڵێك لە ماچ باڵەفڕ بێ!

(١٥)

کانی تووشی پەرکەم بووە ،لە وشکە ساڵییا

دەبێت جۆگەلەکانی پێی،

نووچێك بدەن لە یەخەی پاڕانەوە ،

چەم بەدەم نزاوە کاسکێتەکەی سەری نەویکا!

(١٦)

تاریکی دەروون لە فیراقا چەماوەتەوە،

دەبێت گللەیی بگاتە تاڵێك نوور،

چرا خەبەری بێتەوە

پەروانە پایپی عیشق پێکا!



(١٧)

نیشتمان ناوی خۆی بیر چۆتەوە...

دەشتی سواغ دراوە بە پەلکەزێڕینەی درۆ،

شاخی رەقبۆتەوە لە سەرمای درۆ..

بۆ چارەسەر دەبێت شەتڵی هەموو پۆستاڵەکانی شەڕ،

بچنەوە بۆ سەرەنوێلکە،

تفەنگە دەمەوەرەکانی بکرێنە بووکەشووشە!

(١٨)

مناڵە چەتونەکان بە قریوەی بەرد ،

سەری باران دەشکێنن...

بۆ چارەسەر دەبێت سەری باران تیمارکەم ،

لە ستیانی ئینجانەدا،

تا سەوز بێت لێزمەی جریوە ،

لە کەمەری فڕینا!

(١٩)

خەمێکی قەرەباڵغ ڕووی تێکردووم،
بۆ چارەسەر دەبێت قوم قوم ڕۆشنایی،
دەستی باخێکی نابینا بگرن ،نەك گۆچانێکی پەرپووت..
جۆگە پێڵاوە گەنجەکانی ،بداتە ڕووبارێکی پێشمەرگە،
نەك گۆمێکی کەنەفت!

(٢٠)

تۆ ئەوەندە خوڕ خوڕ دڵڕەقیت، کۆکردەوە
شتێك لای چەپمەوە هاڕەی کرد و شکا..
بۆ چارەسەر دەبێت دەنگ بدەم بە حکومەتی گوڵ،
تا دڵڕقی لە دەستورا سکوتکا!



(٢١)

جەنگ پاشماوەکانی تۆخترن تا خۆی،

هەر کەلاوەیە لە کۆڵانەکەماندا،

دەکۆکێ و شەقام ڕشاوەتەوە..

هەر منداڵی بێقاچە ،بە دارشەق

تف دەنێرن بۆ پێڵاو...

هەرلافاوی بێوەژنە ،

گسك لە لاولاوی تەمەنیان دەدەن..

هەر کچە ڕەشپۆشەکانە لەو سەری کۆڵانەوە ،

پاکیزەییان فڕێدەدەن...

جەنگ،جەنگ ..جەنگ هەر دەڕوا

جەنگ دوا کەڤاڵە چارەسەر وێنا ناکا!

٢٠١٧/٥/٤

# چەند وێنەیەک
# لە...تا

(١)

تا پاڵتۆی (با) بدوری،

ماڵەکەت  تەپوتۆز دەکاتە بەری!

(٢)

تا هەور هەرچی هەڵمە زنجیرکا،

باران بە چاو داگرتنێك کرانەوەی

جۆگەلە و ڕووبار!

(٣)

تا نان بەپێخاوسی خەریکی نووچدان بێت،

لەوێدا ڕەهێڵەی ستەمکاریی!



(٤)
تا خۆر دڵی تەنگ بێت بە تارمایی،
لەوێدا شەوەزەنگی ئەبەدیی!

(٥)
تا شەو پێک پێک نووستن هەڵدا،
لەوێدا گەوجاندن کەوشەنی ڕەها!

(٦)
تا چراکان سەرخۆش بن بەهاروهاجی،
لەوێدا تاریکی خۆی حەشار دەدا!

(٧)
نیوتنەکان بە(تا)ی گەمژەبوونا چوون،
نەیانزانی هەموو سێوەکان ،
لە بازگەی ستیاندان!

٢٠١٨/٤/٢٣

# عەین،شین،قاف

(١)

لە عیشق ناحاڵیتر نییە،

عیشق ئەزموون دەکەین،

تا میهرەبانی باڵەفڕ بێ..

کەچی ئێنەگەشتن لەو سەرەوە دێتەوە،

عیشق تەفسیر دەکەین،

تا ڕق و کینە بشۆینەوە..

کەچی نەبیستن هەنگاو دەنێ،

کەڕی لە چاوەڕوانییا تەئویل و

قفڵ هەر گوارەی گوێ!



(٢)

له عیشق کۆتاییتر نییه،

مەدلوولی عیشق مەحاڵە،

دال دال دانەوێ،

ئەگەر کەسێ عاشق نەبووبێ..

تکایە خودا باعاشق نەبین،

که کاتێك عیشق چاو دەچێنێ،

کۆتایی فیکە دەکێشێ !

(٣)

له عیشق نابیناتر نییه،

که دەگاتە لێوی لوتکە

کەروێشکەی ئەو گیایە نابینێ،

(با) زیکری فێر دەکا،

فڕینی ئەو کۆترە نابینێ،

ئاسمان له باڵەکانییا دەنوێ،

ئەو مێرووولەیە نابینێ چەند بە سەختی،

واژۆی لەتێ نان دەکا..
عیشق هەر لە ئەزەلەوە نابینا بوو،
بۆیە تابوتی خستە سەر شانی و
بووە جەللادی چیرۆك چیرۆکەکانی!

(٤)
لە عیشق ئاگرتر نییە،
واتای دۆزەخمان نەدەزانی،
ئەوە عیشق بوو فێری کردین،
ئەمڕ زەمهەریری ژیانە
ئەگەر عیشق نەبا،
نە لە ئاگری ئاگردان دەگەشتین و
نە لە بەهەشتی گەرمادا،
خۆشەویستی خودا !

٢٠٢٠/٩/٢١



# قوڵبوونەوە

(١)

گۆزەیەك شەراب هەر لە خۆیەوە لە دایك نەبووە،

ترێ ماندووبوون لە ئەوکی گیراوە،

ئاخی بلورینی ژنێکی تێکەڵاو بووە!

(٢)

نیشتمان چییە

ئەگەر هەموو پیتەکانی دیوار بن؟

زیندان پێدەکەنێ،

تاریکی هەتاو دەکێشێ!

(٣)

(با) لە هەندێ جارا دەبێتە ڕەشەبا ،

لۆمەی ناکەم تووڕەبوونی سەر دەکا

لە بینینی سوتان و خنکان و شکان!

(٤)

دڵۆپێك ئاو حەقیقەتی نییە،

باران بۆ ئەوەی لە سەرئێشە ڕزگاری بێ،

ئەندامەکانی جەستەی دەتەکێنێ!

(٥)

خۆڵ یاخی نەبێ کە بوونی ئەزەلییە،

نووچێك بدا لە یەخەی مەرگ،

تەرمەکان شاهیدن!

(٦)

بەرد بۆ شانازی دەکا کە بێدەنگە؟

هەرەمەکانی فیرعەون شاهیدن،

دەنگدانەوەی بەرد ،

بووە سەمەرەی سەرسوڕمان!



(٧)

مێژوو نەڵێ هەوڵم دیارە،
جگە لەڕابردوو،
لە کوێوە دەبێتە سوار و پیادە؟

(٨)

با ئاوێنە ئەوەندە بە فیزەوە سەما نەکا،
هەموو نهێنییەکان دەزانێ،
لەرەی لەرزینێك بەسە،
هاواری هاڕە بکا!

(٩)

با خۆرنشین ئەوەندە لۆمەی
ئێوارە نەکا چۆتە باوێشکی خەو،
ئەوەی لەبیرچوو دەبێتە سەرینی شەو!

(١٠)

با شمشاڵ ئەوەندە سەرەڕۆ نەبێ،
دەنگی خۆشترە لە ڕەشەبا
دوێنێ قامیشێك بوو سەر بە خێڵی (با)

(١١)

ئاگر با ئەوەندە متمانە نەکا،
بە شەڕی مەشخەڵەکانی.. لە کۆتا شەڕا،
بۆ خۆڵەمێش نووچ ئەدا !

(١٢)

با گژوگیا بە نەشئەیان لە خۆبایی نەبن،
کە پووشپەڕ هات،
غوبار لەبەر دەکەن!



(١٣)

هەموو کۆشکەکان پێدەکەنن،

کە لوتیان گەشتۆتە ئاسمان

سەردەمێك دێ پێکەنینیان،

چۆتە کەلاوەکان!

(١٤)

با باڵندە سەرکێشی نەکا لە ئاسمانا دەفڕێ،

ڕۆژێك دێ، لە خاکا نیشتەجێ!

(١٥)

لە پلیکانەکانی تاریکیا،

شەمشەمە کوێرە بە لوتبەرزییەوە،

هەنگاو دەشێلێ،

ئەوەی لە بیرچوو، بە تاڵێك ڕووناکی

قفڵ ئەدرێ لە باڵەکانی!

٢٠١٨/٧/٢٤

# پۆستەرەکانی پیاو

(١)

هەر لەدوورەوە با بتناسم،

حەرفی ئەم دەستنوێژە مەشکێنە

نەوەك دڵم نوێژ لە بیرکا

پیاو

(٢)

با لەدوورەوە بۆنتکەم،

کە شوشەی بۆنت قڵپ کردەوە،

نەزیفی ڕۆحم پەرتبوونەوە

پیاو



(٣)
خۆشەویستی درۆیەکە بەرژەوەندیی،
عیشق کەڕوو دەکا،
کە تاڵێك لە پرچمت هەڵدا
پیاو

(٤)
کە بە چاوەکانا پیادە بوویت،
گەشتیتە جەنگی جەستە،
جێهێشتن پیشەتە
پیاو

(٥)
بە چ ئایەتێك ئیمانت ئەزبەر کردووە!
ناچیتەوە سەر نوتفەی پاییز...
فیراق هەموو تەمەنتە
پیاو

٢٠١٩/٦/١٧

# کۆنترین زیندوو

(١)

لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکاندا،

کۆنترین کۆیلەیە،

کورسی

(٢)

لە سەر گاشەبەردێك بە یەك تەکان،

دەگاتە بڕبڕەی ئاسمان،

باز

(٣)

بە گرتنی قۆچەکانی،

هاروهاجی لە بیر دەچێتەوە،

گا



(٤)

تانجییەك دەگاتە نێچیرێك،

تەپوتۆزێك تەژی لە ناڵین،

ڕاو

(٥)

لە تەنگەبەرێك لە دایك دەبێ،

کەچی پانتایی ئاسمان لە باڵەکانیا

هەڵۆ

(٦)

تاریکی پەلامارم دەدا،

کە بیر لە تۆ دەکەمەوە

داگیرسان

(٧)

هەمیشە لەدڵدا کەرەنتینە،

چوون گوڵ کۆیلەی ئینجانە

عیشق

(٨)

کوێرە ڕێگاکان بەناو تاشەبەردەکاندا،

پێشبڕکێ دەکەن،

مار

(٩)

ئاشقی خواردنی تەرمەکانە،

لە شەڕگەدا

قەلەڕەش



(١٠)

ژەنگ هەڵدێنێ،ئەگەر

کێلان نەکاتە ماڵی

خەنجەر

(١١)

ئەگەر نەبێتە گۆچانی کۆشك،

کۆشك چاوەڕێی ڕووخانە

دیوار

(١٢)

دەگرین ،پێدەکەنن

لە عیشق نازانن،

بووکەشوشەکان

(١٣)

کە نیگای تۆم بینی،
خۆمم لە بیرچوو
ئەوین

(١٤)

لە دووڕیانی جۆگەلە و درەختا،
خەوی لێ کەوتووە
حەقیقەتێك

(١٥)

لە هەناویا تیشك دەفڕێ،
دەمامکە دەم وچاوی
تاریکی



(١٦)

له پەڕەکانییا بۆن دەبینم،
له دڕکەکانیشیا برین
گوڵ

(١٧)

گۆزەکان پڕن له شەو،
کشومات نووستون
شەراب

(١٨)

یەکەم ناڵینه ،
له منداڵانی هەورا
چەخماخه

(١٩)

میراتی بەفر ئەشکە،
هی بارانیش
کەفی دەریا

٢٠٢٠/٥/١٠

# کۆی کۆتاییەکان

(١)

پێی کۆڵانەکان هاژەیان دێ،لە ڕۆشتن
ئەوەی کۆڵانی من و تۆ کلۆمدەدا
دیوار

(٢)

کە پێدەکەنێ شەپۆل دانەکانییەتی و
کەفیش چاڵی ڕوومەتەکانی
دەریا

(٣)

ئاوەدانی (با) کە لە ژوورێکا نووست،
خامۆشییەك پەنجە هەڵدەبڕێت
مردن





(٤)

لەسەر گۆڕی زبڵەکان،

بانگ ئەدەن

کەڵەشێر

(٥)

خەوی لێ دەکەوێ و

تاریکی گەمارۆی دەدا

چرا

(٦)

هەمیشە لە سۆراخی درەختەکاندا،

وێڵگەردن بۆ نیشتنەوە

باڵندە

(٧)

کە پێکی پەژموردەیی دەنۆشێ،

کراسی ئاو و ڕەهێڵەی هەتاو ناپۆشێ

باخچە

(٨)

لە کوچەی دڵا تەنیایی خامۆش دەکا و

ترس دەخاتە ژێرکەوشەکانی

عیشق

(٩)

قاچی نییە، کەچی ڕۆژانە

سەردانی گۆڕستان دەکا

تابوت



(١٠)
سەری دەبەستێ بە فیکەی (با)
ناوقەدی بە هێشوی باران
چیا

(١١)
بەخشندەیی تل دەکاتەوە،
شەپۆلدانی تیشك لە چاوەکانی
خۆشەویستی

(١٢)
کراسی بەری هەتاوێکی نەخۆش،
شانەی سەری زریانێکی سەرخۆش
زستان

سلێمانی ٢٠١٩/١/٨

# لەبەر ڕۆشنایی ڕۆحگەراییەوە

-١-

قرژاڵ، کە ئاو ماندووی دەکرد:
پاڵی دەنا بە نیوەڕۆ و،
لە عەسرێکی فێنکدا،
بە دوای تراویلکەدا دەگەڕا!.

———

قرژاڵ، نیوەڕۆیان دەعوەتی کیسەڵ بوو،
بەس هێندە بە خاووخلیچکی چێشتی حازر دەکرد:
دەبوو بە عەسر.
لە داخی گەرما:

قارچکی دەکردە کەپر!.



-٢-

سیسرکە، بە فڕینێکی باریکەوە:

دەگاتە قوژبنی دیوارەکان.

بێئاگا لە مرۆڤ،

هەموو دیوارەکانی بە ژەهر قیرتاو کردووە!.

———

سیسرکە، دەبێت بگەڕێتەوە نێو حەقیقەتی خۆی،

لە پەیڤی نەشیاوی مرۆڤ دوور بکەوێتەوە.

مرۆڤ، وەها بە دوایدا بگەڕێت:

هیچ ئاوازێك لەو خۆشتر، نەچووبێتە گوێچکەیەوە!.

-٣-

گیا، ئەوەندە بە سەوزی زیکر و تەهلیلە دەکات:

تا، تای لێ دێت و، زەردهەڵدەگەڕێت.

دواتر، لەسەر بەرماڵی با:

شۆڕشی نوێژ بەرپا دەکات!.

-———

گیا، دوای تەواوبوونی زیکری، لە ژێر پێی مرۆڤ:

وەك دەروێشێك، خەنجەر هەڵناکێشێت و،

بیدات لە تەپڵی سەریی و،

لە بەرچاوی هەمووواندا: خوێنی لێ بچۆڕێتەوە.

گیا، لە تاو پەلکێکی، کە زەردهەڵدەگەڕێت:

لە ژێر پێشدا، هەر سەرقاڵی نوورە!.



-٤-

قوتابخانەی بەرد، دەچێتەوە سەر شۆڕشی سپیی.

ئیدی هەموو ئاقڵەکان، لەوەوە:

فێری تێزێك دەبن،

ئەویش، ئەفسانەی بێدەنگیی!.

———

بەرد، قوتابخانەیەکە: دەچێتەوە سەر شۆڕشی فیکری.

لە هێزی سوور نییە و، سپیخوازە*.

گەر ئەقڵ نەچێتە نێو دەستەوە:

حەز بە سەری کەس نەکات، خوێنی لێ بچۆڕێتەوە!.

---

* سپیخواز: ئاشتیخواز

-٥-

ڕێوی، هەرچەندە فێڵباز بێت:
ناگاتە فێڵی مرۆڤەکان.
دان بۆ مریشکەکان ڕۆ دەکەن:
دواتر، جەللادن بۆیان!.

———

ڕێوی، بیانووی دەمی مرۆڤە:

بۆ فێڵکردن خوڵقابێت.

ئەو، لەبەر چەقەڵ سەری لێ شێواوە:

کە زۆر لە خۆی دەچێت!.



-٦-

پەپوولە، تەنیا وەرزێکی هەیە بۆ ژیان:

بۆنی هەموو گوڵێکی کرد و، عیشقی پێ نەکرد، بۆ خۆی.

دوا جار، لە حیکمەتی چرایەکدا:

بۆ عیشق بووە قوربانی!.

———

پەپوولە هێندە دڵتەنگە، ناگاتە وەرزێکیش:

وەك پەککەوتەیەك، بەسەر چڵی نێرگزێکەوە، سەردەنێتەوە.

وەك خۆی نا، لە داخی ئەو شاعیرانەی، دەیخەنە نێو ڕستەیەکی شیعریی:

کە جگە لە دڵەڕاوکێ بۆ مەرگ، هیچ تروسکاییەکیش بۆ ژیان ناهێڵنەوە!.

-٧-

تابلۆی سەر دیوارەکە:

چیرۆکێکە لە ئەفسانە.

ورچێکە، لە نێو بەفردا گەمە دەکات:

مناڵێك، قاپێك لە پێکەنینی پێشکەش دەکات!.

-———

ورچ، هێندە ناشیرین کراوە بە ڕێنووسی قەڵەویی:

ژن و پیاویش، هەمیشە ڕکابەرێتییانە لەسەر کزیی.

کەچی دونیای منداڵیی، ئەوەندە پاك و جوانە، کە ورچ دەبینێت:

دەڵێت: بە دەمر چیرۆك خوێندنەوەوە، لە باوەشمدا دەخەوییت!.



-٨-

گورك، هەڕەشە لە گیا ناكات: كە سەوزایی حونجە دەكات.

مرۆڤ، برێك جار ئیرەییەكانی كۆ دەكاتەوە: تا لە ماڵی ئەو بێت.

مەگەر لە ماڵی گورگ و مرۆڤدا، چ شتێك هەیە:

گەر گۆشت لە نێوانیاندا، هاوبەش نەبێت!.

———

گورگ، لە ڕەونەقیی تیژی ددانەكانییەوە مەڕوانە: هێزت بەرێت.

بۆنی وەهاشی پێ مەبەخشە، كە بە گۆشتتەوە: ئێسقانیشت بهاڕێت.

تۆ كە ئیرەیی نابەیت بە ڕۆح و، بتەوێت ئەویش لەتەكتدا بخەوێت:

بە هێزی خۆتدا بچۆوە و، هێندەش بۆن مەكە: گورك قەڵس ببێت!.

-٩-

مرۆڤ چەند سەیرە، بە تەنز: مراوی، دەدەنە بەر لێشاوی دەمارگیریی.

هەرچەندە بڕواتە قووڵایی پێڵاوەکانی گۆم و ڕووبار:

مەرحەمەتەکانی تەڕبوون ناناسێ.

مرۆڤ چەند سەیرە، تەنزەکانی دەسڕێتەوە:

بە دەستنووسی چەقۆیەك، پەیامی ئاشتەوایی بۆ دەنێرێ!.

———

مراوی، شیکاری چڵپاوخۆریی و، زێرابەکانی بۆ مەکەن؛

بارێك کە لە نێو زگتاندایە، بە قەبزیی بۆی ئاودیو دەکەن،

چ دەکەن، دوایی بۆ گۆشت، بە چەقۆ ئەنجن ئەنجنی دەکەن!.



-١٠-

له كوچه و كۆڵانەكانی پشیلەوە:

دەچمەوە سەر دووڕیانی خۆشەویستیی و جوانی.

له دەریای چاوەكانی پشیلەوە، كە مەلەوانەكان هاتنەوە،

وتیان: پشیله خوویەكی نییه، بێ نمەكی.

ئـەوە بیرچوونەوەی هـزرە، بۆتە گرێیەك له سەنتەری سمێڵەكانی!.

———

پشیله، هەرچی خووی بێ نمەكی هەیە، وەها داویانەتە پاڵی:

بە ئاستەم له ئێمە جودا بێت، كە سمێڵمان سپیی بووە بە ماستی.

كەچی ڕەچەڵەكی شێر و پڵنگ، دەچنەوە سەر جوانیی وی!.

٩ – ١٨/١٠/ ٢٠١٦

تێچنین// بەشی یەكەمی شیعرەكە: ڕۆژ هەڵەبجەیی، بەشی دووەمی شیعرەكە: پێشەوا كاكەیی

# مەدلوولەکانی کارەسات

(١)
جاڵجاڵۆکە ماڵەکەی ناچنێ،
ئەوە چنینی نێچیرێکە،
هاورێبوون لای خورافەیە ..
چ کارەساتە بەرژەوەندیی!

(٢)
دەڤەری بێ ئومێدی گەشتۆتە خنکان،
لە کوێوە دەست هەڵدەبڕێ قامکەکانی ئومێد؟
چ کارەساتە خنکان لەوشکایی!

(٣)
لە جۆگەلەکانی سیاسەتدا خوڕ خوڕ دەڕۆن،
شەڕ دەکەن بۆ دەریای ئازادیی،
کەچی لە قوڕی کۆیلە بووندا دەچەقن،
چ کارەساتە ئازادیی!





ڕۆژ هەڵەبجەیی

(٤)

کەوتن ئەژنۆی پێکاوە بە تاریکی،
خەیاڵ خەریکی وڕێنە ،
بەرد سەری شکاوە بە نەرمی ،
کەوتن وخەیاڵ و بەرد
چ کارەساتێکن لە هیچی!

(٥)

دەموچاوی ژن پڕە لە باخ،
ڕوخساری درەختەکان تەپوتۆزی ڕەشەبا،
چ کارەساتە ژن گسك دەدات لە سەوزایی!

(٦)

ژوانەکانی خۆشەویستی پڕن ،
لە ئەشکەنجەدانی مێزوکورسی،
چ کارەساتە (با) لە ماندووبووندا بگری!

(٧)

ئەوەمان لە بیر چوو مردن ،کە دائەبەزێ
پێك پێك ژیان هەڵدەدا...
چ کارەساتە ژیان سەرخۆشە بە گەمژەیی!

(٨)

زەمەن تێدەپەڕێ، ترسمان بیر دەچێتەوە
لە شەپۆلی شێتی..
شکستمان دەتوێتەوە لە بەندەری نائومێدیی..
چ کارەساتە هەر بەدوای یەقینا وێڵین،
کەچی گومان زیندانی ئەبەدیی!

(٩)

مەدلولەکانی یاخی بوون ئەوەیە،
مانگ لە گوڵی ئینجانەدا بشارینەوە ،
ئاوی کانی لەپەرداخێکدا نوقم کەین،
چ کارەساتە پێڵاومان کۆیلەو
فڕینمان نیگەرانی!



(١٠)

له سروشتا جوانی هەڵدەقوڵێ،

له ناخی تاریکییا پژمەی ڕووناکی

چ کارەساته ئاوێنەی ناخمان

دەشکێت به ئیرەیی!

(١١)

بەمر هەموو بیابانەی ڕۆحمەوە،

چ رابێعەیەك هەڵکەمر، که فەنا فەنامر..

عیشق که خۆی خەراباته،

لەچ سوچێکا دەواری عاریفانه هەڵکەمر،

چ کارەساته که ئەو

نەگەشته من و منیش تینوو به چۆڵەوانی!

(١٢)

عەندەلیب خەتمر دەکەمر

یەکێك له قەفەس باڵەکانی،

دەخاته تینوێتی فڕین..

یەکێك ئاسمان دەدورێ ،به باڵەکانییا،

یەکێك دەنگی موتوربه دەکا،له دڵی کچێك..

چ کارەساته گوڵەکان خەتمی عەندەلیبیان کردو

چۆڵن له عەندەلیب!



(١٣)
لەسەر ئەژنۆی زمان
شەپۆلێك بێدەنگی هەڵدەلووشم
چەنەبازی لە کەروێشکەی گیاکانا ڕادەکشێ،
چ کارەساتە بێدەنگی ،
بلەوەڕێ لە کێڵگەی چەنەبازی !

(١٤)
ئەوەندە ئاسمانم ،
پاڵتۆی چاوەڕوانی هەڵواسە ،
بە قانوونی تەجەنوونا..
چۆلەکەم لێ بڕوێنە ،
جریوەیەکت دەکەمە بەر ،
چ کارەساتە
ئەوەندە فڕینم ..بۆ هەرکوێ بفڕیت
هەموو ئاسمانی  قەفەسەکان لەمندا هەن!

(١٥)
کڵاوی درەختە پیرەکان ،بە کۆلارە ئارشیف دەکات
عەبای ژنەکان ،تووشی هاروهاجی دەکات..
تەنورەی کچەکانی زانکۆ،کورتر دەکات..
قاچی ڕووبارەکان ،بە قیژە تیرۆر دەکات..

چ کارەساتە مەدلوولەکانی ڕەشەبا



(١٦)

که دایکم ڕۆحی سپاردە شەهید بوون،

تووشی قەیرانی خۆشەویستی بووم ،

لەو کاتەوە گەڕانم کردۆتە پیشە،

چ کارەساتە هەموو ڕێگاکان ونبوون!

(١٧)

درەخت سەیرم دەکا،

خەونم دەبێتە خوڕەی سەوزایی..

زەردەپەڕ سەیرم دەکا،

پڕ دەبم لە ئایەتی ماڵئاوایی...

مۆسیقا سەیرم دەکا،

گوڵی کراسەکەم دەبنە مەلەوانی (با)..

چ کارەساتە سەیرکردنی تۆ لە خەیاڵا!

واتە ئەو پەڕی پووچی!

سلێمانی ٢٠١٧/١١/١٠

# تەنها تۆ ڕۆحیت ڕۆح...
# ئەی موسافیری ڕۆحم

من لەوە دڵنیام خەیاڵ لە دەست دەدەم،
وێنای چ عیشقیك لەپایی شەوێكا بكێشم،
كە دەبینم ئاسمانی دڵی زاخاوە بە درەخت
كەچی لە سیمایا بیابان پەتپەتێن دەكات..
دەمەوێ بەردێكی تێگرم،
كەچی پەنجەكانم تووشی پەتای شكان دەكات..
تۆ سوارچاكێكی بلورینی ،نەك خەونەكانی من
هەركاتێك سیمات دەكێشم بە ئاوێزەی خەیاڵ
نوقم دەبم تا سپێدەی چاوەكانم،
تا لوتكەی تاریكی هەر سیزیفی تەپاوتلم..
چ كافرستانێكە ئەم جەنجاڵییەی من،





که دڵنیاییم لێژ دەکاتەوە...
چ قیامەتێکە ئەم ناسینەی تۆ
شوناسم بەر دەبێتەوە شکان ڕۆدەچم..
نامەوێ تووشی پەتای تۆ بم،
تەنها موسافیری ڕۆحتم ،
گەمەی پیاوانە لە ئەندێشەما دەڕوێنی..
هەندێ جار کافر کافری
ئاڕاستەی باکان چۆن
بە دڵی کەشتییەکان دەفڕن!
بۆیە هەربەردێکت تێگرم ،
دەستو پەنجەم بە شکان دەچێت ،
ڕۆحم بە گریان ئەی شوشەترین پیاو...
من نامەوێ یارییەکت لەگەڵ بکەم،
دەست لە دیوار دەست بدا لە کارەسات،
من نامەوێ شپرزەی شیعرم،
بلوری ڕۆحت هەراسانکات..

من موسافیری ئەو شەمەنەفەرانە نیم ،
جەنگ بار دەکەن و
شەو دەبەستنەوە،
ئەستێرە دەخەڵەتێنن،فیکە لە سپێدە دەکەن
من تەنها موسافیری ڕۆحتم ڕۆح ئەی ڕۆحترین ڕۆحم !

***

لەچ حەرفێکی وەسێتەوە وێنات کەم ،
کەسترین تۆ....چ شوناسێك بکەم بۆ تۆ،
کە هیچ پێناسەیەك ناچێتەوە سەر تۆ..
ئەگەر لە تاڵی بارانا وێناتکەم ،
ئەوە بزانە باران دەچێتەوە سەر نەسلی مردن،
تەپوتۆزی کاولاشەکان بەپۆزەوە  دەیشارنەوە،
جریوەی درەختەکان بەر دەبنە شینی شنیان،
گوڵی ئینجانەکان بە تەرمی  پێدەکەنن...
من ناوێرم بەسەر بلوری حەوسەڵەتا ،



باز بدەمر و درزێك بكەمە بێتاقەتیت،
ئیتر چۆن وێناتكەمر بە تاڵی باران!
من تەنها موسافیرێكمر لە ڕۆح،
نامەوێ ببمە ئێوارەیەكی مەست و
هەرچی ئەو بێدارییانەی هەڵمگرتون،
لە خەوێكی تۆراوا،بە دەستڕێژی گللەیی
كوچەی دڵت كون كونكەمر!
چ مەنفایەكە ئەمر ژینە
كەسێك نەبوو گەڕیدەیەكی ڕۆحمر بێت و
پریاسكەیەك لە متمانە ،
بخەمە ناو ژووری دەستەكانییەوە ،
متمانە كۆشكێكە لە هەتاو
هەتا بریقەی دروستدەكرێ،
ئاوا بوون لەپیریا هەڵدێ...

که ڕووخا جگە لە جیلوەی تاریکی
چی شك دەبات؟
لە سوچی چ سەراحەتێکەوە قسەکانم،
بدەم لە بێژنگی بەسەرهات..
لەبەردەم هیچ ئادەمییەکدا
ئەوەندە دەستەپاچە نەبووم،
کەچی لەئاستی تۆدا،
قفڵ قفڵ زمانم کلیلەو
کلیل کلیل ڕۆحم داخراو...
ئەڵقە ئەڵقەجەستەم زنجیرو
دێڕ دێڕ ڕستەم پەناهەندە...
تۆ چیت ئەی ڕۆحی ڕۆحم؟
پەرجۆی ئەو پەیامبەرانەی،
کە هەموو نابیناکان فڕین،



له شەپۆلی ڕووناکیا...
یان ئەفسانەی ئەو عەندەلیبانەی،
چەهچەهەیان هەڵقوڵا لە فیراقا،
تۆ چیت تۆ ... ئەی کەسترین تۆ؟
***
لە عەرافەی چ عاتیفەیەکەوە لێت بڕوانم؟
نامەوێ عیشق بەرپاکەم،تەمەنم بەشی ئەوە ناکا،
جەنگێکی سارد بچێنم لە زەنگی زەمهەریرا..
ڕۆحم بەشی ئەوە ناکات دۆڕانێك ڕاگرم،
لە گەرمەی گریانا.....
خەیاڵم بەشی ئەوە ناکا خەمی تەفسیرێك
هەڵکەم لە عەزابی عیشقا!
من دەوەرانێکی ترش و شیرینم،
بەڵام لە حەقیقەتا تاڵ
مەحاڵە بگەمە مەداری تۆ...

سەربەخێڵی فڕینم بەڵام،
لە حەقیقەتا بێ باڵ
مەحاڵە بگەمە ئاسمانی تۆ...
هەموو ڕێگاکانم گۆڕیوە نارۆنەوە بۆ بانە،
ئەمێستا هەر ڕیگایە رێدەکا،
لە قاچی کوێستانەوە،
بۆ قەوسقوزەحی گەرمیان..
کەچی مەحاڵە ڕێچکەیەکی خەیاڵت،
بگاتە چاوەڕوانی من...
هەموو ڕووناکییەکان دەگەنە ئەوسەری تاریکی،
کەچی مەحاڵە تریفەیەکی قسەی تۆ،
بگاتە پەژموردەیی من!
ئەی ڕۆحی ڕۆحم من لە خەمی خۆمەوە ئاوا دەبم
نامپەرژێ نامەیەك پڕکەم،
لە دێڕە عاجزەکانی عاتیفە...





من مەستم بەخەتی خامۆشی،
لەپێکی عاریفێکەوە تا ئەزەلییەتی هەللاج،
لەڕێسای قاسیدێکەوە تا مەنهەجی هەڵەبجە..
بەڵام کە تەماشام نوقمە بێ لە تۆ،
مردن لەخودی خۆما دەڕوێنم،
تەریقەتی تەریق بوونەوەیەك تەرحدەکەم...
لە دڵی چاوەڕوانییەکی هەلا هەلادا ،
دەڵێم هیچم نییە بۆ وتن ئەی رۆحی ڕۆحم،
بەڵام کە مردم بڵێ کچێك هەبوو ،
سەر بە تەنزیمی بەفر لێی نەگەشتم،
سەرێك بدەم لە ترپە چۆلەکانی دڵی ...
کچێك هەبوو لە دەلاقەکانی وشکە ساڵییا،
ئینجانەکانی مردنی بەپێکەنین ئاو ئەدا،
بە ڕوانینی پەنجەرەکانی دەووت: هیچم نییە بۆ وتن،
کە ئێوە داخستن موتاڵا دەکەن!

***

ئەی ڕۆحی ڕۆحم... چ وەفایەکت بۆ تەفسییرکەم..
کەشتییەکان ئەوەیان لە بیرچوو،
زەمەنێك بە ئاڕاستەی باکان دەڕۆشتن،
کەچی ئێستا (با) ڕاو دەنێن..
نوکتەکان ئەوەیان لە بیرچوو،
ئەگەر قاقای پێکەنین نەبوایە
بەگرەوی  گریان دەکرانەوە...
باخەکان ئەوەیان لە بیرچوو،
ئەگەر گڕوگاڵی نەمامەکان نەدەبوو،
درەختەکان بە شەپۆلی لق و چڵەوە
نەدەگەشتنە ئاستانەی ئاسمان...
منیش لەوە دەترسم بیر لە زەمەنی وەفا نەکەیتەوە،
دەستەکانت پڕکەیت لە مەوسمی جەفا،
خەیاڵت قاچاخکەیت،
لە بیرەوەری قەلەمێکی شێتا...
گللەییەکانم سەر دەکا... ئەندێشەکانم سەراپا سەرەو خوار



ئاخر من چەند نامەیەکم تەڕکرد بە عەتری عاتیفە،
تۆهاتی سەرپێیانە سەیرت کردن و حەرفێکت ڕەنگ نەکرد،
لە ڕەنگاڵەی نووسینەوە ...
قامەتی نامەکانم پڕکرد لە نوێژی مەحەبەت و
پرسە وەڵلامێکت نەخستە سێبەرێکی سەرابەوە!
لۆمەت ناکەم ...ژیان شوناسێکە لە سەخاوەتی بێ ئەمەکی،
پێڵاوەکانی پیت پیت لە لمی جێهێشتن سەردەکاو
دەستەکانیشی برین برین لە نەزیفی زیندەگی!
ژیان هەموو حیکایەتەکانی سەربوردەی عیشقە ،
کەچی تەژی تەژی لە کوشتنی عاشقەکانی..
ئەی ڕۆحی ڕۆحم گرێی ئەم هەموو قابیلە ،
بەمن و تۆ ئەزبەر ناکرێ...
ژیان کە خۆی شمشێرێکی قابیلە،
بەڵام تکا دەکەم ئەم یاداشتە ،
لە بیرەوەریتا بلاوێنە
کە تۆ پارچەیەك بووی لە ڕۆحم
تەنها تۆ ڕۆحیت و ڕۆح ..ئەی موسافیری ڕۆحم !

سلێمانی ٢٠١٨/٧/١٥

# من و ئەو

(١)

من چەترو ئەو باران،
لێزمەی نوێژە
عیشقی من

(٢)

من خەون و ئەو خەیاڵدان،
بەربوونەوەی نوچە
واژۆی ئەو

(٣)

ئەو کافر بوو من زاهید،
خوڕەی سێوە
دۆزەخی من



(٤)

من دڵۆپ و ئەو دەریا،

خەڵتانی وشکاییە

دڵی ئەو

(٥)

من قفڵی قافییەك ،ئەو قەسیدە

قوڵبونەوەی مەدلولە

دالی من

(٦)

من قوربانی ئەو جەللاد،

کاڵبوونەوەی ڕۆحە

جەستەی ئەو

٢٠١٩/٦/٢١

# ناتەبایی

(١)

بەسەر چوو بێزارییەکانم،
کە لە کفرێکی پەمەییا
چۆڵتکردم!

(٢)

بە فیشەکی بێوەفایی،
خەیاڵم لەجێ چوو،کەتۆ
پەرستگەم بووی!



(٣)

تۆ مەسیحم بووی،ئیتر

چ خاچێك چاوکەم،

بێجگە تۆ!؟

(٤)

وتت عاشقتم،

ئەمە چرای چ قسەیەك بوو،

تاریکت کردم!

(٥)

ئیتر ئومێد دەبەستمەوە،

متمانە دەخەمە چوار چێوە،

کە هیچی تەڕیکردم!

# نیشتمانێکم هەبوو

نیشتمان لەوەتەی تۆ هەیت،
من باجی بوونت ئەدەم..
هەموو شتێکم کرد تا تۆم هەبێت..
تۆ سەیرکە ڕۆژانە پاییز لە خۆم زیز دەکەم
بە گسك بەردەبمە تەرمی گەڵاکان..
هاروهاجی مناڵەکان دەڕوشێنم،
بەرد نەگرنە بۆقەکان و
بە دارلاسیك شوشەی ئاسمانی نەشکێنن
با نیشتمان باڵەفڕ بێت..
زەوقی کچەکان قڵپ دەکەمەوە،
پێیان دەڵێم : بە لەنجەولار حورمەتی
شەقامەکان مەشێوێنن، شەقامەکان دڵی نیشتمانن..
شێتیم دەخەمە هەڕەشەیەکەوەو بە هاوڕێکانم دەڵێم:





هەر سەوزاییەکتان بینی ،بە تۆپەڵ سڵاوی تێبگرن
ئەوانە هەناسەی نیشتمانن...
ماندوو بووم نیشتمان لە ناوت لە خۆت،
بریا شەڕەپشیلەی وێنەکێشانی،
منالێك بویتایە ناوی تۆم لە بیرچووایە..
چ ناتەباییکە نیشتمان،
من هەموو شتێکم کرد تا تۆم هەبێت،
کەچی تۆ ڕشانەوەی تفەنگت پێدام،
کەسەری کاولاشت پێبەخشیم،
لە چاڵی قیژەی عەرعەرا ونتکردم،
لە هەناری هەڵەبجەدا منت خنکاند،
لە نەزیفی شەنگالا کچێنیم وردو خاشبوو..
چ مەرگەساتێکە نیشتمان
تۆ لە دڵما سەوز بوویت و
کەچی تۆ منت لەبار چوو..
ئاخر من چیم کردبوو ،چی؟
نیشتمانێکی وام هەبوو!

سلێمانی ٢٠١٧/١٢/٢٢

# نەبیستن،
# نەوتن،
# نابینا

(١)

نەبیستن

چەپۆك لە هەموو دیوارەكان ئەدا،

دەرگایەك نایەتە گۆ...

لەو دیو دیوارەكانیشەوە،

مشتەكۆڵە جێدەمێنێ،

دەرگایەك دەست هەڵنابڕێ!





(٢)

نەوتن

قەفەسەکان غەمبار بوون،

بۆ کەنەسمە و کەناری نا،

بۆ ئەو ڕۆژەی چڵی درەخت بوون..

کورسییەکان کفر هەڵدەچنن،

بۆ پاشاو دەسەڵات نا،

بۆ ئەو ڕۆژەی لقی درەخت بوون..

لێ درەخت هیچی نەوت!

(٣)

نابینا

نێچیرێك بۆ ئەوەی ڕاو کرێ،

بە گیا دەڵێن : قۆڵ بکە بەقۆڵی بادا،

تا نوقم بیت لە سەمادا..

بە کێڵگە دەڵێن: بچۆرە ناو کراسی داهۆڵ،

مێرووولەکان گەنمیان ماندوو کردووە لەپاشەکەوتا،

باڵندەکە ڕاو کرا.. بۆ ئەوەی لۆمەی،

گیا و گەنم و کێڵگە نەکرێ،

چاویلکەی ڕەش نیشتەوە لە چاویان!

# ڕەنگەکانی
# گوڵەبەڕۆژە

(١)
لە زەردەپەڕدا پرسەیەتی ڕەش دەپۆشێت و
کراسی زەرد فڕێ دەدات،
گوڵەبەڕۆژە

(٢)
لە بەرەبەیاندا کە خەبەری دەبێتەوە،
دەستنوێژ بە کەمەری خۆشەویستی دەگرێت
گوڵەبەڕۆژە

(٣)
کە ڕۆژ هەڵهات  و دەمی کردەوە
ئەم هەر خەریکی زیکرو تەهلیلەیە،
گوڵەبەڕۆژە





ڕۆژ هەڵەبجەیی

(٤)
بۆ هەمیشە ئیمانی هێناوە،
بە خۆر نایگۆڕێ ئایدیایی
گوڵەبەڕۆژە

(٥)
وەرزی هاوینی بە مەرەکەبی ماچ،
کردووە بە زەخرەفەی ماڵی
گوڵەبەڕۆژە

(٦)
تینووە بە خواردنەوەی پیتەکانی خۆر،
تێر نابێت لە پێکی تیشکەکانی
گوڵەبەڕۆژە

(٧)
کە شەپقەکەی سەری لادەداو نووچ دەدا،
بۆ حەزرەتی ئێوارە، نەخۆش دەکەوێت
گوڵەبەڕۆژە

سلێمانی ٢٠١٨/٣/٤

# هەستێک

عیشقێك ڕۆحم ڕۆشندەکا،

کۆتاییەك لە هەناویا!

چاوەڕوانییەك لە چاوەکانما گرمۆڵە ،

کە دەیکەمەوە هەڵدەفڕێ!

نرکەیەك لە دڵما خەریکیناڵینە،

کەپێی گرت دڵم دەخوات!



## کورسی

دارتاش قاچی بۆ چێدەکا،

ژن بەرگی بۆ دەدورێ

کەچی دەبێتە کۆیلە

## کاتژمێر

کە درۆی لێ دەتکێ،

ژوانی عیشقێک دەژاکێ و

عاشقانیش پەژموردە

# دکتۆر فەرهاد

بە شێتمان دایە قەڵەم،بەڵام

ئەو لەسەرووی ئەقڵەوە پێکەنینی باراند،

ئێمە لەزەلکاوی ئەقڵاین..

# پێشەوا قازی

ئاوی ئاراس ئیرەیی برد،

لەوشکانییا خنکانی داهێنا،

چوار ڕووبار لە دڵێکا گریا!



# لیریکێک

ئەی باران مەبەرە زریان،

لاولاوی مەعشوقێك لە خەیاڵدانمە

با نەلەرزێ..

ئەی باهۆز هێواش بڕۆ

دڵم بیری کەسێك دەکا

با درزی تێ نەکەوێ!

# پێکانی دڵ

هەموو  بۆ پێکانی دڵن :

فڕینی تیرەکان ،قیژەی گوللە تۆپەکان ..

مەرحەبای تانکەکان و قاقای تفەنگەکان ..

کەچی تۆ لە دوورەوە دڵت پێکا،

بە تیری هەناسەکانت کوشتنت حەڵاڵ کرد،

ئەی نالەبار ،ئەی پیاو!

# تک، تک
# تێڕامان

(١)

لم پێڵاوی بیابانە،

کاسکێتی شاخیش

بەفر

(٢)

تابووتی مرۆڤەکان دارەمەیتە،

هی گوڵەکانیش

ئینجانە

(٣)

کۆیلە بوونی باڵندە قەفەسە،

هی مرۆڤیش

بەندیخانە



(٤)

له ناوشانی شاخدا داربەڕوو دەڕوێ،

له هەناسەی بیابانیشدا،

لم

(٥)

کەروێشکەی گیا ڕیشی زەوییە،

پشتوێنی کەمەریشی

گوڵاڵە سوورە

(٦)

که دیواری دڵ درزی برد،

ماڵئاوایی هەڵدەچنێ،

مەحەبەت

(٧)

زۆر جار گوڵ که دەشنێ

لەناو پاکی ئینجانە نا،

لەزبڵخانە

# وردبوونەوە

(١)

بیابان لەناو لما قیژەی بۆ دەچنێ،

عەر عەر تەرم تەرمی هەڵدەچنێ

ئەنفال

(٢)

ڕابردووم بە کورسی کورسی ڕووشا،

فڕینم لێکەوت لە جەژنا،

مناڵی

(٣)

تا چاو بڕ بکات ،

شەمەنەفەری ئاسمانە،

بێ موسافیر..

دووکەڵ



(٤)

لەپووشپەڕا دەڕاسەکان ،

تەرمی دروێنە دەکەن

کێڵگە

(٥)

چۆلەکەکان موتاڵای بۆ دەکەن،

عاریفانە سەرخۆش دەبن بە زیکری،

گەنم

(٦)

کتێب دەخوێننەوە،

ماڵ پڕ دەبێ لەچلچرا

ژن

٢٠١٩/٦/١٠

# ئەفسانەی
# چەند هایکویەک

(١)

تاشەبەرد بێدەنگی دەکاتە بەری،
چەمیش کاسکێتی،
چەنەبازیی

(٢)

کاولاش پڕە لە کەلوپەلی پیر،
شێتخانەش باڵەفڕی
هۆشیاریی



(٣)

شمشاڵ شەونخونی (با) دەکێشێ،

بەهاریش پاپی

سەوزایی

(٤)

ئەفسانەی مەڕ خولی سەر بڕین

هی کیسەڵیش تەمەن درێژیی،

(٥)

جەنگ سەربازەکان دەکاتە خۆراکی،

ئاشتیش جەنگ دەکاتە

پێڵاوی

# یەقین

(١)
شەو بە خەوتن دادەپۆشم،
بەیانی لەپرچەکانما وەرزش دەکا،
واژۆی شنەبا

(٢)
هێشووە تەماشایەك،
لە پەنجەرەکەدا دەڕوێ،
کچێکی کۆیلە

(٣)
ئێوارە سیس دەبێ،
سێبەرەکەم قەد دەکەم،
نوستنی خۆر



(٤)

تاریکی قفڵم دەکا،

لە چاوەکانما یەقین دادەگیرسێ،

دۆزینەوەی خۆم

(٥)

لە هزریا تابوت هەڵدەچنێ،

کۆتا تابوت بۆ خۆیەتی،

دەسەڵاتی پاشا

٢٠٢٠/١/٣١

# وێنە ڕژاوەکان

(١)

لە خەیاڵدانیا هەڵدەقوڵێت جۆگەلە و ڕووبار،

لە شەپقەی سەریا، کەروێشکەی چیمەن

لمی بیابان

(٢)

لە بەیانیدا قۆپچەکانی سنگی ئاوەڵا دەکا،

بۆ نمەی خۆر.. لە ئێوارەدا باڵی دەپێچێ لە پرسە

گوڵی لاولاو

(٣)

ناوقەدی بەلێزمەی گیا دەبەسێت،

سەرپۆشی سەری بەچریکەی مەلەکان

وەرزی بەهار



(٤)

خەریکی گیانەڵایە لە گیرفانی ئێوارەدا،
جانتاکەی پڕ دەکا لە میمی مردن
حەرفەکانی زەردەپەڕ

(٥)

خوێنی دەبەخشێتە گوڵاڵە سورە،
خودی خۆشی دەچێتەوە مناڵدانی نیشتمان
جەستەی شەهید

(٨)

ئاوێنە نغرۆیە لەپێکەنینا،
کە بینی هەموو ماکیاجەکانی قووتدا
جانتای کچێك

(٩)

واجوانن بە ستیانی گەڵا خۆیان حەشاردەن،

نەك لەسەر زومی لقەکان(با) بکێشن

سرکی سێوەکان

(١٠)

ئاسمان دەخاتە گریان..

تەرمیشی لە کراسی بژوێنا پێکەنین

دڵۆپەی باران

(١١)

سەری سەرقاڵی  بە باهۆز بەستووە،

قادرمەی قەدی بە زریان

دالی دارستان





(١٣)

دوای چێکردنی پورە،
چلورەی چیاکان شیرین چوون
شانەی هەنگ

سلێمانی ٢٠١٨/٣/٢٤

# کەڤاڵی ئەگەرەکان

(١)

ئەگەر کەوشەکانی نەکاتە پێی، تاریکی
بەسەرشەقامەکانەوە دەنیشێتەوە
چرا

(٢)

ئەگەر کەوتنی نەبوایە،
گوڵ نەدەبووە دۆستی باخچە
باران





(٣)
ئەگەر پێڵاو نەبوایە، لە چاڵ و چۆڵی
جادەکان دەبورانەوە
پێیەکان
(٤)
ئەگەر لە پلانی فڕین شارەزا دەبوو،
نوچی نەدەدا لە باڵایا
فوارە

(٥)
ئەگەر ژمارەکان دەموچاوی نەدەکێڵا،
گەنجی ژەنگی نەدەگرت
تەمەن

٢٠٢٠/٥/١٢

# شوناسەکان

(١)

شوناسی ماڵ جێناوە،

کە ماڵ لە چۆڵییا چاویکردەوە،

مردن چۆن چەپڵە لێدا ؟!

(٢)

شوناسی بەرد ڕەقییە،

ڕەقی کوا ڕاڤە دەکرێ؟

لە درزی تاشەبەردێکا،

گیا چاوشارکێ دەکا !



(٣)
شوناسی (با) باڵەفڕە،
باڵ لە چ ڕەهەندێکا ڕواوە؟
تا ئاسمان واژۆی بکا!

(٤)
شوناسی چاو چاوەڕوانییە،
چاوەڕوانی لە نوونی چاوا،
چەند دێڕی کێڵاوە
تا کۆتر نامەکان کۆکاتەوە!

(٥)
شوناسی دارتاش لە دوو دار زیاتر چییە؟
دارێك لە هزریا بێشکە سەوز دەکا،
ئەویتریان هێرشێکی قاوەییە،
لە دارە مەیتا!!

٢٠٢١/١/٣٠

# بیرەوەرییەکان

(١)

ژیان پاشماوەیەکە،

لەسەرپشتی مێروولەیەك،

پاڵی پێوە دەنێ بۆ شارەکەی،

کە مردنیشی بینی،

دەڵێ: درەنگ هاتی مردن

لە کوێ بتبەستمەوە!



(٢)

لاولاو و گوڵەبەڕۆژە خۆرپەرستن،
کە بەشەویش خۆیان دادەپۆشن،
خۆر دەبێتە کۆیلەیان!

(٣)

من لەسەرمێزەکە کە ئەوم بینی،
پاڵتۆکەم لە پێکەنین تەکاند،
ئەو منی نەبینی
کە دووکەڵی جگەرەکەیم بینی،
قومێك هەناسەم لەرزی
مەوداکەم کۆکردەوە..
لێ کە ئەو منی بینی...
ئێوارەم کردە پێکانم و ڕۆیشتم..
ئەو ئێوارەی لە کاسکێتەکەیا دانا،
دڵۆپێك مەحەبەت کەوتە سەر لێوی،
مەوداکە بووە جێهێشتن!

(٤)

دواجار مردن گریانمان پێدەفرۆشێ،
دایکێك لە جادەکەدا،
پێڵاوەکانی لەبیرکرد،
تا مناڵەکەی ون نەکا،
کەچی مناڵەکە لەگەڵ جادەکەدا،
تەمەنییان کۆکردەوە،
جادەکە بوو شارێ،
منداڵەکەش لە بەرزی باڵایا،
دایکی حەشاردا لە شەکەتی سەفەرێکا،
وێستگەی مردن!

٢٠٢١/١/٢٧

